# موزەکەراتی یونس ڕەئوف ـ دڵدار ـ
## لە نێوان ژیاننامە و بەرۆمانبووندا

**محمد امين عبد الله تاتاني [١] لەنجە عبد الرحمن غريب[٢]**

[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

سەرهەڵدانی یادەوەری لەناو کوردا مێژوویەکی دێرینی هەیە و سەرەتاکەی بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە. ئەمەش ئەو کاتەیە، کە وەفایی لە ساڵی ١٨٩٥ ژیاننامەی خۆی نوسیوەتەوە، بەڵام ڕەوتی نوسینەوەی ژیاننامە سست بووە و تا ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیست ژمارەی ژیاننامەکان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕناکات و دوای نەوەدەکان گرنگیی زیاتر بە نوسینی ژیاننامە دەدرێت. ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵێکە لە بواری گرنگیدان بە ژیاننامە و ناونیشانەکەی بریتییە لە موزەکەراتی یونس ڕەئوف ـ دڵدار ـ لە نێوان ژیاننامە و بەرۆمانبوندا. لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە ژیاننامەی خودیی یونس ڕەئوف (دڵدار)، کە لەپاڵ ئەوەی ژیاننامەی خودییە، دەقێکی ئەدەبیی بەرزیشە و هەوڵدراوە ئەو تایبەتمەندی و میکانیزمانە دیاری بکرێن، کە بونەتە هۆی ئەوەی ئەم ژیاننامە خودییەی دڵدار وەک ڕۆمانێک خۆی بنوێنێت. بەم پێیە بواری لێکۆڵینەوەکە کارکردنە لەناو دوو ژانری ئەدەبیدا، کە بریتین لە ڕۆمان و ژیاننامەی خودی.

**کلیلە وشە:** موزەکەرات، یادەوەری، ژیاننامەی خودی، بەرۆمانبوون، گێڕانەوە.

### ١. پێشەکی

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە ("موزەکەراتی یونس ڕەئوف ـ دڵدار ـ" لە نێوان ژیاننامەو بە ڕۆمان بوندا). ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بەو بەشەی یادەوەرییەکانی دڵدار، کە خۆی لەبارەی خۆی نوسیویەتی. یادەوەرییەکانی دڵدار دوو بەشە، بەشێکیان خۆی نوسیویەتی وبەشەکەی تریش مەسعود محمد لەبارەی دڵدارەوە نوسیویەتی.

لێکۆڵینەوەکە لە دەروازەیەک ودوو بەش پێک دێت: لە دەروازەکەدا گەشتێکی خێرامان بە مێژووی سەرهەڵدانی ژیاننامەدا کردووە لای ئەورووپییەکان ولە ئەدەبی عەرەبی وکوردیشدا. لە بەشی یەکەمدا سەرەتا ئەوەمان یەکلایی کردووەتەوە، کە ئایا ئەم دەقەی دڵدار یادەوەری (موزەکەرات)ە یاخود ژیاننامەی خودییە، هەروەها باسی بەناویەکداچونی هەردو ژانری ڕۆمان و ژیاننامەمان کردووەو جۆرەکانی ژیاننامەمان نوسیوە. لە بەشی دووەمیشدا کار لەسەر بە ڕۆمانبونی ژیاننامەکەی دڵدار دەکەین و لەو میکانیزم وتەکنیکانە دواوین، کە وایان کردووە ئەم دەقەی دڵدار ئەگەرچی لە بنەمادا ژیاننامەیە بەرەو ڕۆمانبون بچێت، بەڵام وەک ڕۆمانێک دەردەکەوێت وخۆی دەنوێنێت. گرنگترین ئەو ڕەگەزانەش بریتین لە بابەت وگێڕانەوەو کەسێتی وکات وشوێن ورووداو وچۆنیەتی ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی هونەری.

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان ولیستی سەرچاوەکان وپوختەیەکی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی وئینگلیزی خراوەتەڕو.

کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ژیاننامە بە گشتی ونەبونی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی تایبەت لەسەر ئەم ژیاننامەیەی دڵدار وگرنگیی ئەم ژیاننامەیە لە ئەدەبی کوردیدا هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەن. سروشتی لێکۆڵینەوەکەش بووەتە هۆی ئەوەی پشت بە میتۆدێکی ڕەخنەیی دیاریکراو نەبەستین و بە گشتی سود لە بۆچونی کەسانی پسپۆڕی بواری ژیاننامە ببەستین، بە تایبەتی بۆچونەکانی فیلیپ لۆگۆن وجۆرج مای وکەسانی تری پسپۆڕی بواری ڕۆمانیش.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
بەرگی ٢، ژمارە ١ (٢٠١٩)
ڕێککەوتی وەرگرتن ٤ شوبات ٢٠١٩؛ پەسەندکرا لە ڕێککەوتی ٧ ئادار ٢٠١٩ توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ڕێککەوتی ١٥ ئایار ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: mohammed.ameen@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ **پ. ی. د. محمد امين عبد الله تاتاني، م. لەنجە عبد الرحمن غريب**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND ٤.٠

Original Article | doi: 10.14500/kujhss.v2n1y2019.pp1-12

## ٢. دەروازە

وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو بابەتەکە دەکرێت بپرسین، ئایا دەکرێ دوو جۆری ئەدەبی لە یەک دەقدا هەبن، بە شێوەیەک ئەو جۆرەی دووەم کە هاتوەتە ناو جۆرەکەی یەکەمەوە پانتاییەکی زۆری ئەم جۆرەی دووەم داگیر بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەرێنییە، چونکە دەکرێت جۆرێکی ئەدەبی بکەوێتە ناو جۆرێکی ترەوە، وەک لەم "موزەکەرات"ەی دڵداردا دەبینرێت و لە بنەمادا دەقێکە تایبەتی کردووە بە ژیاننامەی خۆی، بەڵام دەقەکە زیاتر لە ڕۆمانێک دەچێت و بە ڕۆمانبون پانتاییەکی هەرە زۆری دەقەکەی داگیر کردووە. لێرەدا ژیاننامەبونی دەقەکە لە سەنتەرەوە دەبێتە پەراوێزو بەڕۆمانبون دەبێتە سەنتەری دەقەکە، واتا گێڕانەوەی ژیاننامەکە لە گێڕانەوەیەکی مێژویی ئاساییەوە بووەتە گێڕانەوەیەکی هونەری و ئەم بە هونەربونەی گێڕانەوەکەش تا ئەندازەیەکی تەواو لە هونەری ڕۆمانی نزیك کردۆتەوە، ئەمەش بووەتە داهێنانێکی جوان لەم دەقەی دڵداردا. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت "لە هەندێك تێکستی ئەدەبیدا ئاماژەگەلێکی زۆر هەن و هەستیان پێدەکرێت و دەبینرێن، کە ڕەگەزی تێکستەکە دیاری دەکەن، جیاوازتر لە خودی ئەو ڕەگەزە ئەدەبییە تایبەتەی کە نوسەر مەبەستییەتی بیگەیەنێت" (الزیباری، ٢٠٠٩، ١٣٢)، لەم دەقەی دڵداریشدا ئاماژەگەلێکی زۆری بە ڕۆمانبونی دەقەکە دەبینرێت، لە کاتێکدا نوسەر مەبەستی بووە ژیاننامەی خودی بنوسێت.

ئەوەی لەم ژیاننامە خودییەی دڵداردا مایەی سەرنجە ئەوەیە بە زۆری ژیاننامە لەسەردەمێکی درەنگی تەمەندا دەنوسرێتەوە، (الباردی، ٢٠٠٥، ٥٤)، لەناو کوردیشدا زۆربەی ئەو نوسەرانەی ژیاننامەی خۆیان نوسیوەتەوە تەمەنیان لە (٥٠) ساڵ بەرەو ژور بووە (ئیسماعیل، ٢٠١٠، ٣٦ ـ ٣٧) و زۆرجاریش لە دوای شەست ساڵییەوە بووە، واتە ئەو کاتە بووە کە پیربون و لە کۆتاییەکانی تەمەنیاندا بون، ئەمەش لەبەر ئەوەیە " ئەو کاتەی مرۆڤ هەست بە نزیکبونەوەی مەرگ دەکاو دەیەوێ ناوی بزر نەبێ، دوبارە ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی خۆی تێدا بدۆزێتەوەو نەمر بێ (ئیسماعیل، ٢٠١٠، ٣٧)، بەڵام مایەی سەرنجە دڵدار هێشتا لە نیوەی دووەمی بیستەکانی تەمەنیدا بووە کە ئەم ژیاننامەیەی نوسیوەتەوە، ئەمەش وای کردووە گرنگییەکی زۆری هەبێت.

گەر لەو ڕوانگەوە سەیری ژیاننامەی خودی بکەین، کە "هونەری ژیاننامەی خودی ڕەهەندەکانی خەیاڵ و تێڕوانینی بۆ شوێن و ئامرازەکانی پیشاندانی ڕرووداوەکان و کێشانی وێنەی کەسێتییەکانی لە ڕۆمان وەرگرتووە" (الریاحی، ٢٠٠٥، ١٧)، ئەوا دەکرێ بگەینە ئەوەی کە ژانری ڕۆمان و ژانری ژیاننامەی خودی بەناو یەکدا چون و ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بتوانین بڵێین: دەکرێ ژیاننامەی خودی لە شێوەی ڕۆماندا بێت و بەرگی هونەری ڕۆمان بپۆشێت و دارشتنێکی ئەدەبی لە خۆ بگرێت (ئیسماعیل، ٢٠١٠، ٤٩) هەروەك چۆن دڵدار لەم بەرهەمەیدا کردویەتی.

گەر لە ڕوی مێژوییەوە چاوێکی خێرا بە سەرهەڵدانی ژیاننامەدا بخشێنین، دەبینین ئەگەرچی بەکارهێنانی زاراوەکە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٦٨٣ لەلایەن درایدنەوە بەکار هاتووە (شرف، ١٩٩١، ٣٠) بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی سەرهەڵدانی ژیاننامە بۆ سەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە و سەرەتاش لە ئەوروپا سەری هەڵداوە، چونکە "ل سەدێ (١٨)گورانکارییێن رادیکالی ب سەر تەڤایا بوارێن ژیانا مرۆڤایەتیدا هاتینە، سەدێ پەیدابونا چینا برجوازی، سەدێ هەستکرنا مرۆڤی ب هەبون و خوەیاتیا خوەو گرنگیدان ب ژیانا خوەیا کەسۆکی، پێشکەفتنا بوارێن ڕەوشەنبیری و ئابوری بویە، کو گومان تێدا نینە ئەڤە هەمی ژ فاکتەرێن هاریکار بوینە ژ بۆ نڤێسینا ژینناما خوەیی" (حەسەن، ٢٠٠٩، ٨) ئەم هەستکردنەی مرۆڤ بە خودی خۆی و بە ئاگایەتی خۆی وای کرد گرنگی بە ژیاننامە بدرێت و سەرهەڵدانەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی بگەڕێترێتەوە بۆ سەدەی هەژدەو (دانپێدانان)ەکەی جان جاک ڕۆسۆ بە دەستپێکی پەیدابون و سەرهەڵدانی ژیاننامەی خودی دابنرێت، (مای، ١٩٩٢، ٢٦)، ئەگەرچی پێشتر هەندێک بەرهەم هەبون دەچنە ناوچوارچێوەی ژیاننامەی خودییەوە، وەک (دانپێدانانەکان)ی قەشە ئۆگەستین لە سەدەی چواری زاینی و ژیاننامەی جیرۆم کاردان ساڵی ١٥٧٥ و چەند بەرهەمێکی تر (مای، ١٩٩٢، ٢٥) بەڵام ئەوانە زیاتر دانانن بون بە تاوان و گوناهەکانی خۆیاندا، نەک نوسینەوەی ژیانیان بەشێوەیەکی هونەری و باسکردنی هەمو لایەنەکانی ژیانیان.

لە ئەدەبی عەرەبیدا عەرەبەکان کتێبی (الأیام) ی تەها حسین، کە ساڵی ١٩٢٩ نوسیویەتی، بە یەکەم ژیاننامەی خودی دادەنێن، چونکە بەهۆی شارەزاییەکەی لە ڕۆشنبیریی فەڕەنسی توانیویەتی بنەماکانی نوسینی ژیاننامەی خودیی تیادا پەیڕەو بکات. (الباردی،٢٠٠٥، ١٦).

لای کوردیش هەر یەک لە نعمە قەرەنی و گولستان بەدەل لە نامەی ماستەرەکانیاندا کاتێک ئاماژە بە سەرهەڵدانی ژیاننامە دەکەن، ژیاننامەکەی وەفایی، کە ساڵی ١٨٩٥ نوسیویەتی بە یەکەم ژیاننامە دادەنێن (حەسەن، ٢٠٠٩، ١٦. ئیسماعیل، ٢٠١٠، ٢٣) دواتر ئاماژە بە چەند ژیاننامەیەک دەکەن کە بریتین لە "بیرەوەری عەبدورەزاق بەدرخان، ١٩١٠ نوسراوە، ساڵی ٢٠٠٠ چاپکراوە" (حەسەن، ٢٠٠٩، ١٧). واتە ئەم ژیاننامەیەی عەبدولرەزاق بەدرخان دووەم ژیاننامەیە، پاشان ئاماژەیان بە چەند ژیاننامەیەکی تر کردووە کە بریتین لە: (مەسعود محمد، گەشتی ژیانم، ١٩٩٢. جگەرخوێن، ژینە نیگارا من، ١٩٩٥. هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، ١٩٩٧. پاکیزە ڕەفیق حلمی، کوردو ژیانێکی پڕ ئەندێشە، ٢٠٠٠) (حەسەن، ٢٠٠٩، ١٧) لە هەمان کاتدا "نعمە قەرەنی" ئەماژە بە چەند بەرهەمێکی تری ژیاننامەی خودی دەکات کە زوتر نوسراون و بریتین لە: (ڕەفیق حلمی، یاداشت، حەوت بەرگ، ١٩٥٦ـ ١٩٥٧. ئەحمەد خواجە، چیم دی، ١٩٦٨. مەلا عەوڵای حاجی سمایل، سەربردەی ژیانی سیاسیم، ١٩٩٠)، لێرەدا تیبینی ئەوە دەکرێت ئەم دوو توێژەرە لە نامەی ماستەرەکانیاندا ئاماژەیان بە ژیاننامەکەی دڵدار نەکردووەو ئاگاداری ئەوە نەبون کە دڵداریش ژیاننامەی هەیە. بەڵام د. مارف خەزنەدار لە بەرگی پێنجەمی "مێژوی ئەدەبی کوردی"دا ئاماژە بە ژانرو بەرهەمە ئەدەبییە جیاوازەکانی دڵدار دەکات و لە نێویشیاندا باسی موزەکەراتەکەی شاعیر دەکات و دەڵێت: "موزەکەراتی یونس ڕەئوف دڵدار، ئەم یاداشتە لە دەفتەرێکی گەورەی قەوارە فولسکاپ نوسراوەتەوە ٤٢ لاپەڕەی دەفتەرەکەی داگیر کردووە. شاعیر باس لە ژیانی خۆی و مێژوی بنەماڵەی خادیمولسەجادە دەکا لە سەرتاوە تا ساڵی ١٩٣٦. تا ئێستاکە ئەم یادداشتە بڵاونەکراوەتەوە" (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٩٣)، بەم پێیە ئەوە دەردەکەوێت د. مارف ئاگاداری ئەم ژیاننامەیەی دڵدار بووە پێش ئەوەی چاپ بکرێت. لێرەدا گەر لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕوی مێژوی نوسینی ژیاننامەکانەوە ڕیزبەندی بۆ نوسین و سەرهەڵدانی ژیاننامەکان بکەین ئەوا ژیاننامەکەی وەفایی (١٨٩٥) دەبێتە یەکەم ژیاننامە، ژیاننامەکەی عەبدولرەزاق بەدرخان (١٩١٠) دەبێتە دووەم ژیاننامە، دوای ئەمیش ژیاننامەکەی دڵدار دێت کە ساڵی (١٩٣٧) نوسیویەتی و دەبێتە سێیەم ژیاننامە لە ئەدەبی کوردیدا.

جێگەی سەرنجە لەناو میللەتی کوردا لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) ژمارەی ژیاننامەی خودی ڕو لە زیادبوون دەکات، لەلایەن کەسایەتییە سیاسییەکانەوە (ئیسماعیل، ٢٠١٠، ٢٦ )، بەڵام ئەم ژیاننامانە لە ئاستێکی هونەری نزمدان، چونکە (زۆرێک

لەو کەسانەی ژیاننامەی خۆیان دەنوسنەوە لە بنەڕەتدا نوسەر نین و شارەزای هونەری گێڕانەوە نین (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ٢٠٠) بەڵام دڵدار لەو سەردەمە کۆنەشدا وەک ئەمان سیاسی بووەو لە حزبی هیواو (ژ.ک) دا بووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی شاعیر و ئەدیب بووە، ئەمە وای کردووە ژیاننامەکەی لە ئاستێکی هونەری بەرزدا بێت.

## ٣. بەشی یەکەم: بەناویەکداچوونی ژیاننامەو ڕۆمان:

پێش ئەوەی باس لە دەقەکە بکەین، بە پێویستی دەزانین کەمێک لەسەر ناونیشانەکەی بوەستین، نوسەر دەقەکەی ناوناوە "موزەکەراتی یونس ڕەئوف ـ دڵدار ـ"، لێرەدا ئەوەی جێگەی تێبینییە وشەی "موزەکەرات"ە، کە بە واتای "یادەوەری" دێت و نوسەر دەقەکەی پێ ناوناوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دەقە لە "موزەکەرات" زیاترە، چونکە موزەکەرات زیاتر تۆمارکرنی ئەو ڕوداوانەیە کە لە کاتە جیاوازەکانی سەردەمی تەمەنی نوسەردا ڕویان داوە، لەوانەیە ڕاستەوخۆ خۆی هۆکاری ڕودانیان بێت، لەوانەشە ڕودانیان لە دەرەوەی ئیرادەی ئەودا بێت و ڕۆڵێکی کەمی هەبوبێت تێیاندا، یان لەوانەیشە هیچ ڕۆڵێکی لە سەرهەڵدان و ڕودانیاندا نەبوبێت و تەنها تۆماری کردون، کەواتە یادەوەری بریتییە لە: "گێڕانەوەیەکی نوسراوی ئەو ڕوداوانەی لە سەردەمی ژیانی نوسەردا ڕویان داوە" (عبدالنور، ١٩٨٤، ٢٤٦) واتە نوسەر لە یادەوەریدا زیاتر چوارچێوەی مێژوی گشتی و کۆمەڵگەو ژینگەکەی باس دەکات، بۆیە زیاتر جەخت لەسەر دەوروبەری مرۆڤ دەکاتەوە، لێرەدا دەبینین یادەوەری لە ڕێگەی ژیانی تایبەتی نوسەرەوە گرنگی بە ژیانی گشتی دەدات. لە یادەوەریدا گرنگی بە باسکردنی سەردەمی منداڵی نوسەر نادرێت و باسی ناکات. (حەسەن، ٢٠٠٩، ٣٨ـ٣٩)، بەڵام ژیاننامەی خودی "بەدواداچون دەکات بۆ ژیانی نوسەر لە منداڵییەوە تا تەواوبونی پەیبردن بە ئامرازەکانی نوسینەکەی. بە واتایەکی تر هونەری باسکردنی ژیانی کەسێکە" (العامري، ٢٠١٣، ٥٧)، دڵداریش لەم دەقەدا باسی سەردەمی منداڵی خۆی کردووەو سەرجەم دەقەکە تایبەتە بە ژیانی خۆی. بۆیە ئەم دەقە ناچێتە ناو چوارچێوەی یادەوەرییەوە، بەڵکو ژیاننامەیەکی ئەدەبییەو "ژیاننامە لە پێناسە ئەدەبییەکەیدا بریتییە لە جۆرێکی ئەدەب، کە بەدواداچونی مێژوییەو مەبەست لێی ڕەوتی ژیانی کەسێک و کێشانی وێنەیەکی وردی کەسێتییەکەیەتی." (البغدادي، ٢٠١٦، ١٩١)، واتە ژیاننامە جۆرە نوسینێکە چاو دەخاتە سەر مێژوی ژیانێکی تایبەت، یان چیرۆکی ژیانی کەسێک، یان گێڕانەوەی ژیانی کەسێکەو بەدواداچون بۆ ژیانی نوسەر لە منداڵییەوە تا کاتی نوسینی ژیاننامەکە دەکات، ئاماژە بە سەرجەم ئەو ڕوداوە مێژوییانە دەکات، کە نوسەر بەشداری تیایاندا کردووە ، یان بینیونی، یاخود لە کەسانی ترەوە بیستونی و کاریان کردووەتە سەر ڕەوتی ژیانی (عبد النور، ١٩٨٤، ٢٤٦)، بەم پێیە لە ژیاننامەدا بابەتی بنەڕەتی کەس و گۆڕانکارییەکانیەتی لە سەردەمی منداڵییەوە تا گەورەبون و پێگەیشتن. بەڵام لە بیرەوەریدا بابەتەکە زیاتر کۆمەڵگەو نوێنەرەکانی کۆمەڵگەیە.

جگە لەوەی باسکرا جیاوازییەکی تریش لەنێوان یادەوەری و ژیاننامەی خودیدا هەیە، ئەویش ئەوەیە ژیاننامەی خودی پشت بە یادگە (ذاکرة) دەبەستێت و بۆ تۆمارکردنی ئەوەی پێیدا تێپەڕیوە پەنای بۆ دەبات، دەشکرێت یادەوەری بەشێکی گرنگ بێت کە یارمەتیی نوسەر دەدات رابردوی خۆی بیر بێتەوە، بەڵام یادەوەری پشت بە ڕوداوە مێژوییەکان دەبەستێت و یادگە هیچ ڕۆڵێکی تیایدا نییە. (الشیب، ٢٠٠٦، ١٢) واتە: دەکرێت لە نوسینی ژیاننامەی خودیدا یادەوەری کەرەستەیەکی یارمەتیدەر بێت بۆ نوسینی ژیاننامەی خودی، ئەمەش لەو کاتەدا دەبێت، کە نوسەر ڕووداوە گرنگەکان و مێژووی ڕودانیانی لەکاتی خۆیدا تۆمار کردبێت، بەڵام دڵدار لەمەش بێبەش بووەو وەک خۆی دەڵێت: "تەئریخی ئەو ڕۆژانە نازانم کە حەوادیسی لێ قەوماوە، چونکە لە وەختی خۆی ئەم تەئریخانەم لای خۆم تەسجیل نەکردووە" (علاء الدین، ١٩٨٥ ، ل ١٢ )، کەواتە لێرەدا سەبارەت بە دڵدار یادەوەرییەکان تۆمار نەکراون تاوەکو لە نوسینی ئەم ژیاننامەی خودییەی خۆیدا سودیان لێ وەربگرێت.

بەشێوەیەکی گشتی ژیاننامە دوو جۆرە، کە بریتین لە:

**ژیاننامەی خودی:** گێڕانەوەیەکی پەخشانئامێزە کەسێکی واقیعی لەبارەی بونی تایبەتی خۆیەوە ئەنجامی دەدات، ئەمەش کاتێک تەرکیز دەکاتە سەر ژیانی تاکەکەسی خۆی و مێژوی کەسێتییەکەی بە شێوەیەکی تایبەت (لوجون، ١٩٩٤، ٢٢).

**ژیاننامەی بابەتی:** "پێناسەکرنەکا ب تێر و تەسەلی بۆ ژیانا کەسەکێ ناڤدار ژ لایێ کەسەکێ دیتڤە" (حەسەن، ٢٠٠٩، ٢٣).

ئەم دەقەی دڵدار دەچێتە ناو چوارچێوەی ژیاننامەی خودییەوە، بەڵام هۆکاری ئەمەی کە دڵدار خۆی ناوی ناوە موزەکەرات، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەو سەردەمەدا دڵدار بە وردی ئەم جیاوازییەی نێوان یادەوەری و ژیاننامەی خودیی نەزانیوەو بەپێی قسەی خۆی کە لە سەرەتای دەستپێکردنی دەقەکەیدا دەڵێت:" ... دەستم کرد بە نوسینەوەی موزەکەراتم، هەموو ئومێدم وایە کە حەلقەی زنجیرەی ڕابردوم لێ ون نەبێ ...." (علاء الدین، ١٩٨٥، ١٢) مەبەستی لەم موزەکەراتە ژیاننامەی خودییە، کە تیایدا ژیانی خۆی نوسیوەتەوەو لە سەردەمی منداڵیی خۆیەوە دەستی پێ کردووە.

هەر سەبارەت بە ژیاننامەی خودی فلیپ لۆگۆن پێیوایە لە ژیاننامەی خودیدا گرنگی دەدرێت بە "ناوی باوک، پاشان ناوی کەسیی خۆت کە جیات دەکاتەوە لێی، بێگومان ئەم دوانە دوو پێدراوی سەرەکیی مێژوی منن" (لوجون، ١٩٩٤، ٥٠)، لەم ژیاننامەیەشدا دڵدار هەم ناوی خۆی و هەم باوکی و تەنانەت باپیرەو باپیرە گەورەشی نوسیوە، ئەوەتە دەڵێت: "من ناوم یونس ڕەئوف کوڕی مەحمود کوڕی مەلا سەعدم..." (علاء الدین، ١٩٨٥، ١٣). کەواتە ئەم دەقەی دڵداری شاعیر، کە خۆی ناوی ناوە (موزەکەرات) و دەکاتە یادەوەری، لە ڕاستیدا یادەوەری نییەو ژیاننامەی خودییە.

ژیاننامەی خودیش فۆرمێکە لە ڕێگەی کۆمەڵێک گۆڕانی هەست پێنەکراوەوە دەچێتە پاڵ ڕۆمانەوە. ئیلهامی زۆربەی ژیاننامە خودییەکان پاڵنەرێکی داهێنەرانەو خەیاڵێکی فراوانە، ئەمەش وا لە نوسەر دەکات تەنها ئەو ڕوداو و ئەزمونانەی بهێنێت، کە دەکرێت بخرێنە ناو بونیادی نمونەیەکی بونیادنراو(مبنین)ەوە. (لوجون، ١٩٩٤، ٩٣) ئەم بۆچونە ڕێگەی ئەوەمان بۆ خۆش دەکات بتوانین وەک دەقێکی ڕۆمانچو لەم ژیاننامەی خودییەی دڵدار بدوێین، چونکە ژیاننامەی خودی ڕەگەزێکە زۆر نزیکە لە ڕۆمانەوە. ئەگەرچی "ئەو کاتەی ژیاننامە لە سنوری ژانریانەی خۆی دەرباز دەبێت و فۆرمی ڕۆمان بەخۆیەوە دەگرێت، ئێمە لەگەڵ جۆرەیەکی ئەدەبی ڕوبەڕوین کە بە ڕۆمانی ژیاننامەیی ناسراوە" (ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ١٢). بەڵام لێرەدا ئەم دەقەی دڵدار ڕۆمانی ژیاننامەیی نییە، بەڵکو ژیاننامەیەکە کە لە ڕۆمان دەچێت و چۆنیەتیی نوسینەوەکەی وای کردووە پرۆسەی بە ڕۆمانبون پێکهاتەیەکی سەرەکیی دەقەکە بێت.

ئەگەر جیاوازییەکی ڕونیش هەبێت لەنێوان ڕۆمان و ژیاننامەدا بۆ ئەوەی لە یەکتر جیا بکرێنەوە، ئەو جیاوازیە لەوەدایە لە کاتی خستنەڕوی ئەو ڕوداوانەی لە ژیانی تاکەکەدا ڕویان داوە، لە ژیاننامەی خودیدا پێویستە ڕاستی و ڕاشکاوی هەبێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت زیادەڕۆییان تێدا بکرێت، چونکە ئەمە ژیاننامەی خودی دەکات بە شانۆی فەزیحەتەکان، جا بۆ ئەوەی نوسەری ژیاننامەی خودی دور لە زیادەڕۆیی بکەوێتەوە ، ئەوا لە کاتی نوسیندا پانتاییەکی بۆ خەیاڵ پێدراوە ، بەڵام بە

مەرجێک ڕوداوی وا نەخوڵقێنێت، کە ژیاننامەکە لە ڕەوتەکەی لابدات و بیگۆڕێت بۆ ڕەگەزێکی ئەدەبیی تر، کە نوسینی ڕۆمانە" (الشیب، ٢٠٠٦، ١٧٢)، کەواتە ژیاننامەی خودی پێویستە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە پابەند بێت بە واقیع و ڕاستییەکانی ژیانی نوسەرەوە، بەڵام دەکرێت لە ڕوی تەکنیکی و هونەری و زمانی نوسینەوە بە جۆرێک بێت لە ڕۆمان بچێت و وەک ڕۆمان چێژ بەخش بێت و وەک ڕۆمان خوێنەر ڕابکێشێتە ناو دنیای دەقەکەوە، هەروەك ئەوەی تۆلستۆی لە بارەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی بەشێوازێکی هونەری دەڵێت: "چیرۆکی ژیانی دوێنێم دەنوسم نەوەك بە تەنها لەبەر ئەوەی ڕوداوەکانی ڕۆژەکە سەرنجڕاکێش بون، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەتوانم بەشێوازێکی سەرسوڕهێنەر وەسفی بکەم، (ادینوکوف، ١٩٨١، ٢٤)، دڵداریش لەم ژیاننامەیەدا تۆڵستۆی ئاسا بەشێوەیەکی هونەری باسی ژیانی خۆی دەکات.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین لەنێوان ژیاننامەی خودی و ڕۆماندا پانتاییەکی بەیەک گەیشتن هەیە، ئەم پانتاییەش لەو سروشتی گێڕانەوەییەوە بنیاتدەنرێت کە لە نێوانیاندا هەیە، پاشخانی ئەم پانتاییەش بریتییە لە واقیع، یان ئەو خاڵەیە کە تیایدا دەقی ڕۆمان و ژیاننامەی خودی بەیەک دەگەن، بە جۆرێک واقیع دەبێتە پێوەر و پاشخانێک بۆ بڕیاردان لەسەر واقیعیبونی ڕۆمانەکەو ڕاستگۆیی (مصداقیة)ی ژیاننامە خودییەکە. (الضبع، ٢٠٠٨، ٦٥٦)، لەمەوە دەردەکەوێت دەکرێت ڕۆمان و ژیاننامە هەردوکیان باس لە واقیع بکەن، بەڵام ئەوەندە هەیە لەم بارەدا پێویستە ڕۆمان تەنها لە واقیعەکە بچێت و مەرج نییە کتومت واقیعەکە وەک خۆی پێشکەش بکات و ڕاستگۆیی تیا بێت، بەڵام دەبێت ژیاننامە لە باسکردنی واقیعەکەو ژیانی نوسەردا ڕاستگۆیی تیادا بێت. ناتوانین بڵێین ئەم ژیاننامەیەی دڵدار بە تەواوی وەک ڕۆمانێکە یاخود بووە بە ڕۆمان، بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەو وتەیەی "جۆرج مای" بکەین، کە دەڵێت: " ئەوەی هەڵوێستمان بەرامبەر بە خوێندنەوەی ژیاننامەیەکی خودی و خوێندنەوەی ڕۆمانێک جیا دەکاتەوە، ئەوە نییە یەکەمیان ڕاستەقینەیەو دووەم خەیاڵییە، بەڵکو ئەوەیە کە یەکەم لە بەرگێکی حەقیقیدا دەردەکەوێت و دووەم لە بەرگی خەیاڵدا" (الشیب، ٢٠٠٦، ١٤)، واتا چۆنیەتی گێڕانەوەکە و هاوچەشنی و لەیەکچونی هەردو ژانرەکە وادەکات هەست بە بونی وەك یەکی و لەیەکچون لە نێوانیاندا بکەین ، چونکە لە گێڕانەوەی ژیاننامەدا حەقیقەتی حەتمی خۆی دەسەپێنێ، بەڵام لە ڕۆماندا مەرج نییە ئەم حەقیقەتە خۆی بۆ خوێنەر وێنا بکات، ئەگەرچی هەندێجار "ڕۆمانیش چەندین ڕوداوی لە چەشنی ڕوداوی ڕۆژانەمان دەخاتە بەرچاو و سیمای واقیعیش بەو ڕوداوانە دەبەخشێت، کە لە جیهانی خەیاڵی خۆیدا بەرهەمیان دەهێنێ و بە جیاوازی ڕوداوەکانیش فۆرمی گێڕانەوەی جیاواز بەرهەم دەهێنێ بە تایبەتی لە بەرهەمهێنانی زماندا" (ابراهیم، ٢٠١٣، ٦٧). کەواتە: دەکرێت ڕۆمان و ژیاننامەی خودی لە یەک بچن و لێک نزیک بن، بەڵام لە هەمان کاتدا خاڵێکی سەرەکی هەیە لە یەکیان جیا دەکاتەوەو مەرجێکی سەرەکیشە، ئەویش ئەوەیە ژیاننامەی خودی هەمیشە حەقیقییەو سەرجەم ڕوداوەکانی لە واقیع و لە ژیانی نوسەرەکەدا ڕویان داوە، بەڵام ڕۆمان ئەم مەرجەی نییەو ڕوداوەکانی ناوی ئەگەر حەقیقیش بن، ئەوا لە بەرگی خەیاڵدا پێشکەش دەکرێن و دەبێت نوسەری ڕۆمان ئەوە بەدی بهێنێت کە جیهانی ڕۆمانەکەی کتومت واقیع نییە، کەواتە: "نوسەری ڕۆمان جیهانێکی نوێ بۆ خۆی خەڵقدەکاو خەیاڵکردن بە پلەی سەرەکی دێت (تیایدا)، بەڵام نوسەری ژیاننامەی خودی بۆ بەبیرهێنانەوەی ئەو ڕوداوانەی کە ڕویانداوە پشت بە یادگەی خۆی دەبەستێ و بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا پێشکەشیان دەکا" (ئیسماعیل، ٢٠١٠، ١١)، واتە: لە ڕوی ناوەڕۆکەوە بنەمای ڕۆمان لەسەر خەیاڵ دادەمەزرێ و بە زۆری کەسێتی و شوێن و ڕوداوەکان وەک خەیاڵی پیشان دەدرێن، بەڵام بنەمای ژیاننامەی خودی لەسەر واقیع بنیاتدەنرێت و کەسێتی و شوێن و ڕوداوەکانی ناو ژیاننامەی خودی واقیعین.

دەکرێت بڵێین: ڕۆمان ئاسۆیەکی چاوەڕوانی تایبەت بە خۆی هەیە، کە کەسێتی و کات و شوێن و ڕووداو و گێڕانەوەی تێدایە، هەمان ئاسۆی چاوەڕوانی لە ژیاننامەشدا بەدی دەکرێت، بەڵام ئەوەندە هەیە ژیاننامەی خودی ئاسۆیەکی چاوەڕوانیی تری هەیە، ئەویش ئەوەیە بە زمانێکی ئاسایی دەنوسرێتەوەو زۆر هونەرییانە باسی ئەو ڕەگەزانە ناکات، بەڵام ئەگەر نوسەری ژیاننامە بەشێوەیەکی هونەری و بەرز ڕەگەزەکانی گێڕانەوەو کەسێتی و کات و شوێن و ڕوداوی لە دەقەکەیدا بەکارهێنا، ئەوا دەقی ژیاننامە خودییەکەی وەک دەقی ڕۆمان خۆی دەنوێنێت و خوێنەر چێژێکی زیاتر لە خوێندنەوەی وەردەگرێت. هەر لەم ڕوانگەوەیە کلیطۆ جۆری ئەدەبی و ئاسۆی چاوەڕوانیی (یاوس) بەیەکەوە دەبەستێتەوەو پێیوایە هەر جۆرێکی ئەدەبی ئاسۆیەکی چاوەڕوانیی تایبەت بە خۆی هەیە، گەر ئەم ئاسۆیە تێکشکێنرا، ئەوا خوێنەر هەست بە گواستنەوەو دەرچون دەکات لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر، ئەمەش ئاماژەکردنە بە کارلێکی نێوان جۆرەکان و بەیەکداچونیان" (غیتري، ٢٠١٦، ١٨)، لێرەشدا دڵدار لەم دەقەیدا ئەو ئاسۆی چاوەڕوانیەی بۆ ژیاننامەی خودی هەیە تێکی شکاندووەو بە زمانێکی ئاسایی ژیاننامە خودییەکەی نەنوسیوەتەوە، هەم زمانی نوسینەکەی و هەم زمانی گێڕانەوەکەی و ڕێکخستن و باسکردنی ناوەڕۆکی ژیاننامە خودییەکەی لە ئاستێکی هونەری بەرزدایە، بۆ نمونە ئەو کاتەی هاوڕێکانی لە دەم ڕوبار دەستکاری بۆمبێکیان کردووە و تەقیوەتەوەو چەند کەسێکیانی کوشتووە، بە زمانێکی هونەریی بەرز باسی تەقینەوەی ئەو بۆمبەو کوشتنی هاوڕێکانی دەکات و دەڵێت: "... ئەم بۆمبایش لەو بۆمبایانە بوو کە لە ڕوبارەکە ئەوساکە نەتەقی بوو بەڵام لە پاش دە ساڵ لە مەوسیمێکی کە دار بەری ئەدا گوڵ ئەپشکوت ژیان تازە بو داری پێنج لاوی تازە هەڵچوی بڕی گوڵی جوانی هەڵوەراندن چرای ژیانی کوژاندەوە" (علاء الدین، ١٩٨٥، ٤١)، باسکردنی تەقینەوەی بۆمبەکەو کوژرانی ئەو پێنج کەسە بەم جۆرە هونەرییە بووەتە هۆی بەرزی دەقەکە لە ڕوی هونەری و زمانی نوسینەوە. کەواتە دیارترین سیمای ژیاننامەی خودی، کە وای لێ دەکات سەر بە هونەرەکانی ئەدەب بێت، ئەوەیە بونیادیکی وێنەکێشراوی دیاری هەبێت، کە نوسەرەکەی بتوانێت لە ڕێگەیەوە ئەو ڕوداو و هەڵوێست و کەسێتییانە ڕێکبخات، کە باسیان دەکات و بەشێوەیەکی ئەدەبیی پتەو دایبڕێژێت (عبدالدایم، ١٩٧٤، ١٠)، بەبێ ئەم ڕێکخستن و نەسەق و بەدوای یەکدا هاتنە ناتوانین ژیاننامە بە ژیاننامەیەکی هونەری دابنێین (الشیب، ٢٠٠٦، ٩)، ئەم خاسیەتانەش بە ڕونی لەم دەقەی دڵداردا بەدی دەکرێن و هەر ئەمەش وایکردووە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا هەست بە گواستنەوەو دەرچون بکات لە جۆرێکەوە، بۆ جۆریکی تر، واتە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ژیاننامەی خودییەی دڵداردا هەست دەکات دەقێکی ئەدەبیی بەرز یاخود ڕۆمانێک دەخوێنێتەوەو لە واقیعی خۆی دادەبڕێت و لەگەڵ نوسەر بەناو دەقەکەدا ڕۆدەچێت و چێژێکی زۆری لێ وەردەگرێت.

کلیطۆ پێیوایە، لە سەدەکانی ڕابردودا ڕۆمان وەک تاکێکی هەژار وابوو لەناو خێزانی جۆرەکاندا، بەڵام لە سەرەتای سەدەی هەژدەوە، واتە لە سەردەمی دەرکەوتنی ڕۆمانتیک، بەرە بەرە ڕێگەی خۆی گرتەبەر تا ئەو ڕادەیەی بەتێپەڕبونی کات بووە ترۆپکی جۆرەکان، چونکە نامەو یادەوەری و ژیاننامەی خودی و گفتوگۆی درامی لە خۆی دەگرێت، تەنانەت شیعریش لە خۆی دەگرێت. (کیلیطو، ٢٠٠٦، ٢٢) لەم بۆچونەی کلیطۆوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت ڕۆمان لە توانایدایە جۆرە ئەدەبییەکانی تر لە

خۆی بگرێت. بەم پێیە دەتوانین بڵێین: ژیاننامەی خودیش یەكێكە لەو جۆرانەی ڕۆمان لە خۆی دەگرێت. جگە لەمە دەتوانین لەوێوەش ژیاننامەی كەسی لەشێوەی ڕۆماندا سەیر بكەین، كە ڕەگەزەكانی پێكهاتنی هەردوكیان زۆر لە یەكەوە نزیكن و جیاوازیی نێوانیان وەک پێشتر وترا بەكارهێنانی خەیاڵە، كە لە ڕۆماندا بەشێوەیەكی سەرەكی پشتی پێ دەبەسترێت، بەڵام لە ژیاننامەدا نوسەر پشت دەكاتە خەیاڵ و ڕو دەكاتە ژیانی واقیعی خۆی. بە گشتی ئەو ڕەگەزانەی ژیاننامە پێكدەهێنن هەمان ئەو ڕەگەزانەن كە ڕۆمانیش پێک دەهێنن و بریتین لە بابەت و كەس و گێڕانەوەو كات و شوێن. هەر ئەمەش وای كردووە فلیب لۆگۆن پێی وابێت ژیاننامەی خودی شتێكی نامۆ نییە بە ڕۆمان (لوجون، ١٩٨٤، ٣٨).

## ٤. بەشی دووەم: ڕەگەزە هاوبەشەكانی ژیاننامەو ڕۆمان

هەر یەک لە ژیاننامەی خودی و ڕۆمان لە چەند ڕەگەزێكی سەرەكی پێک هاتون كە لە هەردوكیاندا هاوبەشەو بریتین لە بابەت و گێڕانەوەو كەسێتی و كات و شوێن و ڕوداو. ئەوەندە هەیە ئەم ڕەگەزانە لە ڕۆماندا بەشێوەیەكی هونەری و بە تەكنیكێكی تایبەت و بە زمانێكی ئەدەبی جوان و بەرز ڕێكدەخرێن، بەڵام لە ژیاننامەی خودیدا زۆر جار نوسەر سەربوردەی ژیانی خۆی بەشێوەیەكی زنجیرەیی لە منداڵییەوە بۆ گەورەیی بە زمانێكی سادەو ئاسایی دەنوسێتەوە، جاری واش هەیە نوسەری ژیاننامەی خودی لە نوسینەوەی ژیاننامەكەیدا تەكنیكەكانی ڕۆمان بەكاردەهێنێت و ژیاننامە خودییەكەی دەكات بە دەقێكی ئەدەبی و بە زمانێكی هونەرییانەی بەرز دەینوسێتەوە، وەک دڵدار لەم ژیاننامە خودییەیدا كردویەتی. لێرەدا بۆ ڕونكردنەوەی ئەم لایەنە لە گرنگترین ئەو ڕەگەزە ئەدەبی و تەكنیكییانە دەدوێین، كە ئەم دەقەی دڵداریان كردووە بە دەقێكی ئەدەبی بەرزو ژیاننامەیەكی لە ڕۆمانچوو.

### ٤.١ بابەت:

بابەت لە ژیاننامەی خودیدا ڕەوتی ژیانی كەسێكی دیاریكراوی ڕاستەقینەیە، لەگەڵ پەیوەندیی بە دەوروبەرەكەیەوە، ڕۆمانیش بە هەمان شێوە باسی ژیانی كەسێتییەک یان چەند كەسێتییەک دەكات، بەڵام ئەوەندە هەیە مەرج نییە كەسێتییەكانی ناو ڕۆمان كەسانی ڕاستەقینەی ناو واقیع بن، لەوانەیە هاوشێوەیان لە واقیعدا هەبێت، لەوانەشە تەنها لە داهێنانی خەیاڵی نوسەر بن، بەڵام مەرجە كەسێتییەكەی ناو ژیاننامەی خودی كەسێكی ڕاستەقینە بێت، كە خودی نوسەرەكەیە. ئەو كەسانەی تریش لە گێڕانەوەكەدا ناویان دێت و باس دەكرێت، دەبێت ئەوانیش كەسانی واقیعی بن. واتە هەردوكیان لەو بابەتەدا یەكن كە باسی ژیانی كەسێک دەكەن و لە میانەی ژیانی ئەو كەسەوە باسی چەندین كەس و ڕوداو و شتی تریش دەكرێت. لەم ژیاننامە خودییەی دڵداریشدا بابەتی سەرەكیی دەقەكە بریتییە لە ژیان و سەربوردەی خودی دڵدار.

### ٤.٢ گێڕانەوە:

لە ڕۆمان و ژیاننامەی خودیشدا نوسەر بۆ گەیاندنی مەبەست و هزرەكانی و باسكردنی كەسێتی و ڕوداوەكان پەنا دەباتە بەر تەكنیكی گێڕانەوە، چونكە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە مەبەستەكانی دەگەیەنێت بە خوێنەر. گێڕانەوە ئەو چۆنێتییەیە كە زنجیرەیەک ڕوداوی پێ دەگێڕدرێتەوە لە حیكایەتێكدا لە لایەن دەستەیەكی دەقییەوە كە پێی دوترێت گێڕەرەوە. لە پرۆسەی گێڕانەوەدا ڕوداوەكان لە وێنەی واقیعییەوە دەگوێزرێنەوە بۆ وێنەی زمانی. بونیادی گێڕانەوەش لە سێ ڕەگەز پێک دێت، كە بریتین لە (غیتري، ٢٠١٦، ٤١):

#### ٤.٢.١ گێڕەرەوە:

كەسێكە پێدراوی تەواوی لایە لە بارەی گێڕراوە (المروي)كەوە بە هەمو ڕەگەزەكانی وەک: ڕوداو و كەسێتی و كات و شوێنەوەو بە تەواوی تێیانگەیشتووەو دەزانێت چۆن لە گوتاری گێڕانەوەكەیدا بەرجەستەیان بكات. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بكەین ڕۆمان دروستكردنی جیهانێكە، ڕاوی (گێڕەرەوە) یەكێكە لە یەكەكان و تاقەكەس نییە، بەڵام ژیاننامە تۆماركردنی ژیانی مرۆڤێكە یان بەشێك لە ژیانی ئەو مرۆڤەیە ئیتر چی لەو ژیانەدا هەبووبێت بە ڕوداو و ناخۆشی و تەحەداكانییەوەو چۆن مامەڵەی لەگەڵدا كراوە وا دەگێڕدرێتەوە (مونیف، ٢٠٠٦، ٧٠). لەم ژیاننامە خودییەی دڵداریشدا گێڕەرەوە بریتییە لە خودی دڵدار كە نوسەری دەقەكەیشە. نوسەر پێش دەستپێكردنی دەقی ژیاننامە خودییەكەی ئەوە ڕون دەكاتەوە كە دەیەوێت موزەكەرات (ژیاننامە)ی خۆی بنوسێتەوەو دەڵێت: "وا ئەم جارەش بە موناسەبەتی ئەوەی كە لە مونتەهای كولیەی حقوقم و ... ... دەستم كرد بە نوسینەوەی موزەكەراتم..." (علاء الدین، ١٩٨٥، ١٢)، كاتێكیش دەقی ژیاننامە خودییەكەی دەست پێدەكات دەڵێت: "من ناوم یونس ڕەئوف كوڕی مەجید كوڕی مەلا سەعدم" (علاء الدین، ١٩٨٥، ١٣) لەم دو قسەیەی دڵدارەوە ئەوە دەردەكەوێت كاتی نوسینەوەی ئەم ژیاننامەیەی كۆتایی قۆناغی خوێندنی كۆلێژی مافە، كە دەكاتە ساڵی (١٩٤٥) چونكە وەک مەسعود محەمەد دەڵێت: "ساڵی سێیەم و چوارەمی خوێندنمان كە ساڵی (١٩٤٣ ـ ١٩٤٤) و (١٩٤٤ ـ ١٩٤٥) دەگرێتەوە دڵدارو من لە یەک ژوری ئوتێلی (ڕشید)ی (سید سلطان علي) مان بەسەر برد" (علاء الدین، ١٩٨٥، ٦٥) ئەمەش واتای ئەوەیە بە بۆنەی كۆتایی هاتنی خوێندنەوە هەستی بەوە كردووە قۆناغێكی ژیانی كۆتایی هاتووەو پێ دەنێتە قۆناغێكی نوێوەو ویستویەتی قۆناغی پێشوتری باس بكات، هەروەها لە وتەكەی دووەمدا بە ڕونی گێڕەرەوەكەش دەردەكەوێت كە خودی نوسەرە.

#### ٤.٢.٢ گێڕراوە:

ئەوەیە كە نوسەر هۆشیارییەكی پێشوەختی هەیە پێی، گێڕەرەوەش پەنا دەباتە بەر شێوازێكی گونجاو بۆ خستنەڕوی بەو سیفەتەی نامەیەكی زمانییە. لەم دەقەی دڵداریشدا گێڕراوەكە سەرجەم بەسەرهات و قۆناغە گرنگەكانی ژیانی دڵدارە كە بە لەدایكبونی دەست پێدەكات لە (٢٠) ی شوباتی (١٩١٨) تاوەكو ساڵی ١٩٣٦ كە لە پۆلی دووەمی ناوەندی بووە، ئیتر لێرەدا گێڕانەوەكە تەواو دەبێت و لەلایەن نوسەرەوە باسی قۆناغەكای دواتری ژیانی نەكراوە.

#### ٤.٢.٣ بۆ گێڕراوە:

ئەو كەسەیە، كە هەر لە یەكەم ساتی هەڵبژاردنی ناوەڕۆكەكەوە لە زەینی نوسەر/گێڕەرەوەدا (كە لەم دەقەی دڵداردا هەردووكیان یەک كەسن) ئامادەیە، چونكە گێڕەرەوە وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ "بۆگێڕراوە ـ وەرگر" دەست پێ دەكات. پەیوەندیی نێوان بۆگێڕراوەو گێڕەرەوە پەیوەندییەكی پتەوەو بنەمای ئەم پەیوەندییە بریتییە لە متمانە، خوێنەریش بەشێوەیەكی سەرەكی بەرەو ئەوە دەبرێت متمانەی بە گێڕانەوەكەی گێڕەرەوە

هەبێت. لەم ژیاننامە خودییەی دڵداریشدا هەر لە یەکەم ساتی دەستپێکردنی دەقەکەوە هەست بە ئامادەیی (بۆگێرراوە ـ وەرگر ـ خوێنەر)ێک دەکرێت لە زەینی دڵداردا، کە دەیەوێت بەسەرهاتی ژیانی خۆی بۆ بگێڕێتەوەو هەوڵیش دەدات متمانەی ئەو خوێنەرە بە دەستبهێنێت، بۆیە هەر لە سەرەتای نوسینەوەی ژیاننامەکەیدا دەڵێت: "لەوە ئەمینم کە ئەتوانم وەکو شەخسێکی ئەجنەبی سەیری یونس ڕەئوف بکەم و زۆر بە ئەمینی موزەکەراتی بنوسمەوە مرازیشم لەمە ئەمەیە کە ڕێگەی عاتیفە نەدەم کە یاری بە قەڵەم بکات و شتێکی نەقەوماو بخەمە ڕیزی قەوماوەوە، وە شتێکی قەوماو بخەمە پایەی نەقەوماوەوە... ... جا نازانم لەمە موەفەق ئەبم یا نا ئەمەش عائید بە خوێندەوارانە"(علاء الدين، ١٩٨٥، ١٢) لەم وتەیەدا مەبەستی بووە نوسینەوەی ژیاننامەکەی بەشێوازێکی بابەتیانە بێت و ڕێگە نەدات هەست و سۆزەکانی وای لێ بکەن شتێک باس بکات یاخود ڕوداوێک بهێنێت کە ڕوی نەداوە بۆ ئەوەی خۆی پێ بەرز بکاتەوە لای خوێنەر، یان شتێک و ڕوداوێکی ژیانی بشارێتەوە، چونکە لەوانەیە باسکردنی شەرم بێت و پێی بشکێت، بەمەش ویستویەتی متمانە لای خوێنەر دروست بکات، هەروەها کە دەڵێت ئەمەش "عائید بە خوێندەوارانە" ئەوە دەردەکەوێت لە کاتی پرۆسەی گێڕانەوەکەدا نەک هەر خوێنەرێک، بەڵکو کۆمەڵێک خوێنەری زۆر لە زەینیدا هەبون. کاتێکیش سەرجەم دەقەکە دەخوێنیتەوە بە ڕونی هەست بەوە دەکرێت خوێنەر لە زەینی نوسەردا ئامادەیی هەیە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین نوسەری ژیاننامەی خودی لە پرۆسەی گێڕانەوەدا زۆر کەم پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و ئەوەی دەیگێڕێتەوە هەمووی بەسەرهات و ڕوداوەکانی ژیانی ڕاستەقینەی خۆیەتی و خۆی سەنتەری گێڕانەوەکەیە، پاشان نوسەرو گێڕەرەوەو کەسێتییەکەش یەکن. بەڵام ڕۆمانوس بۆ دروستکردنی جیهانی ڕۆمانەکەی زیاتر پشت بە خەیاڵ دەبەستێت و کەسێتییەکانی ناو دەقەکەشی لە بەرگێکی خەیاڵیدا پیشان دەدات و ئەگەر هەندێک لایەنی ژیانی تایبەتی خۆیشی وەربگرێت و لە ڕۆمانەکەدا باسی بکات، ئەوا ئەو لایەنانەی ژیانی خۆی دەداتە پاڵ کەسێتییە خەیاڵییەکانی ناو ڕۆمانەکە، نەک پاڵ خودی خۆی وەک نوسەری ڕۆمانەکە. پاشان لە ڕۆماندا نوسەرو گێڕەرەوە یەک نین، بەڵکو نوسەر گێڕەرەوەیەکی خەیاڵی دروست دەکات بۆ ئەوەی لە جیاتی خۆی پرۆسەی گێڕانەوەکە ئەنجام بدات.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین لەسەر بۆچونێکی گرنگی لۆگۆن بوەستین، ئەویش ئەوەیە کاتێک لە ژیاننامەی خودی دەدوێت زاراوەیەک دەهێنێت کە ناوی ناوە نموزەج، مەبەستیش لە نموزەج بریتییە لەو واقیعەی کە گۆکراوەکە لافی ئەوە لێ دەدات هاوشێوەیەتی (لوجون، ١٩٩٤، ٥٣). نموزەج لە حاڵەتی ژیاننامەدا بریتییە لە ژیانی مرۆڤێک (بەتەواوی وەک خۆی یان وەک ئەوەی هەبووە) (لوجون، ١٩٩٤، ٥٤). سەبارەت بەم دەقەی دڵداریش نموزەج بریتییە لە ژیانە واقیعییەکەی دڵدار لە سەردەمی منداڵییەوە، واتە لەساڵی (١٩١٨) ەوە (علاء الدين، ١٩٨٥، ١٣) تا گەیشتووەتە پۆلی سێهەم، واتە تا ساڵی (١٩٣٦) (علاء الدين، ١٩٨٥، ٥٩).

پاشان لۆگۆن باسی ئەوە دەکات لەناو دەقی ژیاننامەی خودیدا ئەمانە هەن:

گێڕەرەوە... گۆکراو (گێڕانەوە)... کەسێتی.

لە دەرەوەی دەقیشدا ئەمانە هەن:

کەسێتیی دانەر.... نموزەج، کە بریتییە لە ژیانی واقیعیی کەسەکە.

لە ژیاننامەی خودیدا خودی گۆکردنەکە = خودی گۆکراوەکە، ئەمەش واتای وەکیەکیی ڕوداوەکانی ناو ژیاننامە خودییەکەیە لەگەڵ ئەو ڕوداوانەی لە ژیانی نوسەرەکەدا ڕویان داوە، ئەم وەک یەکیەش لای خۆیەوە بەرەو جۆرە هاوشێوەییەک دەچێت. بێگومان ئەم هاوشێوەییەش لەگەڵ نموزەجەکەدایە (لوجون، ١٩٩٤، ٥٦). واتە هاوشێوەییەکە لەگەڵ ژیانە واقیعییەکەی نوسەرەکەدایە، بۆیە لە ژیاننامەی خودیدا دانەری دەقەکەو گێڕەرەوەی ناو دەقەکەو کەسێتییە سەرەکییەکەی ناو دەقەکە هەرسێکیان یەک کەسن. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت "لە ژیاننامەی خودیدا گێڕەرەوەکە سەبارەت بە کەسێتییەکە ئەوە دەنوێنێت کە دانەرەکە سەبارەت بە نموزەجەکە دەینوێنێت" (لوجون، ١٩٩٤، ٥٧). لەم دەقەی دڵداریشدا بە ڕونی ئەوە دیارە کە نوسەری دەقەکەو گێڕەرەوەی دەقەکەو کەسێتییەکەی ناو دەقەکە یەکن.

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەگەر لە ئاستی شیکردنەوەی ناوەکیی دەقەکەدا بمێنینەوە ژیاننامەو ڕۆمان وەک یەکن، چونکە هەمو ئەو شێوازانەی ژیاننەمەی خودی بەکاریان دەهێنێت لەپێناو قەناعەتپێکردنمان بە واقیعیەتی ئەوەی دەیگێڕێتەوە، دەکرێت ڕۆمانیش ئەمە بکات و لاسایی بکاتەوە، تەنانەت زۆر جاریش ئەم لاساییەی کردووەتەوە. بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم نەبونی جیاوازییە کاتێک ڕاستە کە تەنها کار لەسەر دەقەکە بکەین بەبێ بەرگ و ناونیشانەکە، بەڵام ئەگەر بەرگ و ناونیشانەکە بخەینە پاڵ دەقەکە، لەگەڵ ناوی نوسەرەکەشدا، ئەوا دەگەینە پێوانەیەکی دەقیانەی گشتی، ئەویش جیاوازیی (دانەر ـ گێڕەرەوە ـ کەسێتی) یە لە ڕۆمانداو وەکیەکیی (دانەر ـ گێڕەرەوە ـ کەسێتی) یە لە ژیاننامەی خودیدا. ئەم وەکیەکییەی دانەر و گێڕەرەوەو کەسێتی لە ژیاننامەی خودیدا بە دوو ڕێگە بەدی دێت، (لوجون، ١٩٩٤، ٣٩ ـ ٤٠)، کە بریتین لە:

### یەکەم: ڕێگەیەکی ناواخنی (ضمنی):

کە تیایدا پەیوەندیی دانەرو گێڕەرەوە بە دو شێوەیە:

أ- بەکارهێنانی هەندێک ناونیشانی وەک (چیرۆکی ژیانم، ژیاننامە) کە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە سەبارەت بەوەی ڕاناوی قسەکەر دەگەڕێتەوە بۆ نوسەر. ئەم جۆرە ناونیشانە لەسەر بەرگی دەقەکەی دڵدار بەدی ناکرێت و ناونیشانەکە بە جۆرێکی ترەو بریتییە لە "موزەکەراتی یونس ڕەئوف ـ دڵدار ـ " پاشان لە ناوەڕۆکەکەیدا ناونیشانی لاوەکیی داناوە، بۆ نمونە لە سەرەتای دەستپێکردنی گێڕانەوەی ژیاننامەکەیدا ئەم ناونیشانە دەبینرێت " ـ لە دایک بونم ـ " (علاء الدين، ١٩٨٥، ١٣) ئەم ناونیشانە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕاناوی قسەکەر بۆ نوسەرەکە دەگەڕێتەوە، کە یونس ڕەئوفەو لەم ڕێگەیەوە وەکیەکییەکە بەدی هاتووە.

ب- پارچەیەکی سەرەتای دەقەکە کە تیایدا گێڕەرەوە هەندێک پابەندبون بەرامبەر خوێنەر دەخاتە ئەستۆی خۆی، ئەمەش بە جوڵانەوە وەک نوسەر بە جۆریک وا لە خوێنەر دەکات هیچ گومانێکی نەمێنێت لەوەی کە ڕاناوە قسەکەرەکە بۆ ئەو ناوەی لەسەر بەرگەکە هەیە دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی ئەم ناوە لەناو گێڕانەوەکەشدا نەهاتبێت. گەر سەیری دەقەکەی دڵدار بکەین لە سەرەتاداو پێش ئەوەی دەست بکات بە باسکردن و گێڕانەوەی ژیانی رابردوی خۆی، دەڵێت: "... بە موناسەبەتی ئەوەی کە لە مونتەهای کولیەی حقوقم و ئەمە ئاخیر ساڵە کە خۆم بە قوتابی دائەنێم، ... دەستم کرد بە نوسینەوەی موزەکەراتم..." (علاء الدين، ١٩٨٥، ١٢). لێرەدا گێڕەرەوە ئەو پابەندبونە بەرامبەر بە خوێنەر دەخاتە ئەستۆی خۆی کە موزەکەرات (ژیاننامەی خودی) ی خۆی دەنوسێتەوە.

### دووەم: ڕێگەیەکی دیارو ئاشکرا:

ئەمەش لەسەر ئاستی ئەو ناوەیە کە گێڕەرەوە ـ کەسێتییەکە لە خودی

گێڕانەوەکەدا ـ وەری دەگرێت و هەمان ناوی نوسەرە، کە لەسەر بەرگەکە خراوەتە ڕوو. لەم ڕووەوە ئەگەر سەیری دەقەکەی دڵدار بکەین دەبینین لە سەرەتای دەستپێکردنی دەقەکەیدا دەڵێت: "من ناوم یونس ڕەئوف..." (علاء الدين، ١٩٨٥، ١٣)، واتە کەسێتییەکە لە کاتی گێڕانەوەکەدا ناوی "یونس ڕەئوف"ی وەرگرتووە، گەر سەیری ناونیشانی سەر بەرگەکەش بکەین، دەبینین ناونیشانەکە بریتییە "موزەکەراتی یونس ڕەئوف ـ دڵدار ـ" واتە هەم دانەرەکەو هەم کەسێتییەکەی ناو دەقەکە یەک ناویان هەیەو بەمە وەکیەکی لە ناوی دانەر و گێڕەرەوەو کەسێتییەکەدا بەدی هاتووە. لێرەدا ئەوەی گرنگە پێویستە بەلایەنی کەمەوە وەکیەکیەکە بە یەکێک لەم ڕێگایانە بەدی بێت، زۆر جاریش لە یەک کاتدا بە هەردوو ڕێگەکە ئەمە ئەنجام دەدرێت. (لوجون، ١٩٩٤، ٤٠) دڵداریش لەم ژیاننامە خودییەیدا توانیویەتی بە زیاد لە ڕێگەیەک وەکیەکییەکە بەدی بهێنێت.

بەڵام لە ڕۆماندا ئەم وەکیەکیە لە نێوان نوسەرو گێڕەرەوەو کەسێتیدا بەدی نایەت و نییە، چونکە نوسەرەکە ئەو کەسەیە کە ناوی لەسەر بەرگی ڕۆمانەکە دەنوسرێت. ئەم نوسەرە خودی خۆی لەناو دەق ڕۆمانەکەدا پرۆسەی گێڕانەوە ئەنجام نادات، بەڵکو گێڕەرەوەیەک دروست دەکات کە پرۆسەی گێڕانەوەکە لەبری ئەو ئەنجام دەدات و دەکرێت ئەم گێڕەرەوەیە خۆی لە ڕوداوەکاندا بەشدار نەبێت و وەک گێڕەرەوەی هەموشتزان دەربکەوێت، لەم حاڵەتەدا نوسەر و گێڕەوەوە جیاوازن و یەک نین، لێرەدا ڕۆمان لە ژیاننامەی خودی جیا دەبێتەوە، هەر لەم بارەدا گێڕەرەوەو کەسێتییەکەی ناو دەقەکەش یەک نین و جیاوازن، دیسان لەم ڕوەشەوە ڕۆمان لە ژیاننامەی خودی جیادەبێتەوە. جاری واش هەیە ڕۆماننوس ڕێگە دەدات کەسێکی ناو ڕۆمانەکە پرۆسەی گێڕانەوەکە ئەنجام بدات و لە ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکەشدا بەشداربێت و ڕۆڵی هەبێت، لەم حاڵەتەیاندا ڕۆمان و ژیاننامەی خودی لە یەک دەچن، چونکە لە هەردوکیاندا گێڕەرەوەو کەسێتییەکە یەکن. بەڵام هەر لەم بارەدا لەوەدا لە یەک جیادەبنەوە، کە لە ژیاننامەی خودیدا نوسەرو گێڕەرەوەو کەسێتییەکەی ناو دەقەکە یەکن، بەڵام لە ڕۆماندا نوسەرەکە لەگەڵ گێڕەرەوەو کەسێتییەکەدا یەک نین.

لەوەی باس کرا بەشێوەیەکی گشتی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هەندێک ڕەگەزی وەک گێڕەرەوە، گێڕراوە، بۆگێڕراوەو کەسێتی لە ڕۆماندا هەن، هەمان ئەم ڕەگەزانە لە ژیاننامەی خودیدیشدا هەن. بۆیە، ئەگەر نوسەری ژیاننامەی خودی بەهرەیەکی ئەدەبیی هەبێت و بتوانێت دەق ژیاننامە خودییەکەی بەشێوەیەکی هونەری و بە زمانێکی ئەدەبیی بەرز بنوسێتەوە، ئەوا دەقەکەی بەرەو بە ڕۆمانبون دەچێت و یان دەتوانین بڵێین دەق ژیاننامە خودییەکەی لە ڕۆمان دەچێت. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین جۆرێکی ڕۆمان هەیە کە پێی دەوترێت ڕۆمانی ژیاننامەی خودی" هەندێک ڕەخنەگر ڕۆمانی ژیاننامەی کەسی یاخود خودی وا دەناسێنن جۆرێکە لە جۆرەکانی گێڕانەوە، کەسێکی واقیعی ئەنجامی دەدات و لە ڕێگەی نوسینێکی داهێنەرانەوە لە بارەی ژیانە خودییەکەی و مێژوی کەسێتییەکەیەوە و کارلێکی ئەم کەسێتییە لەگەڵ کەسێتییەکانی تر یاخود ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدادەژی، ژیانی خۆی ئاشکرا دەکات" (https://www.arab٤٨.com، ٢٠١٦ ، ثقافة وفنون ، مقالات ودراسات). واتە: ئەم جۆرە لە بنەمادا ڕۆمانەو بە مەبەستی ڕۆمانیش نوسراوە، بەڵام ئەم دەقەی دڵدار جیایە لەمەو بە مەبەستی ڕۆمان نەنوسراوە، بەڵکو ژیاننامەی خودییە، بەڵام لە کاتی پرۆسەی نوسیندا پرۆسەی بە ڕۆمانبون بەسەر دەقەکەدا زاڵە.

### ٤.٣ کەسێتی:

شاراوە نییە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکان، چ ڕۆمان بن، یاخود ژیاننامەی خودی و... هتد دەلالەت لە خودێتیی نوسەرەکەیان دەکەن، لە ڕۆماندا ئەم خودێتییە لە پشت کەسێتیی ناو ڕۆمانەکەوە ون دەبێت، کەچی لە ژیاننامەی خودیدا نوسەر ڕاستەوخۆ کەسێتییە سەرەکییەکەی ناو دەقەکەیەتی و لە پرۆسەی گێڕانەوەدا ڕاناوی کەسی یەکەم (من ـ م) بەکار دەهێنێت، لەم دەقەی دڵداریشدا ئەمە پەیڕەو کراوە، ئەوەتە دەڵێت "من ناوم یونس ڕەئوف کوڕی مەحمودی کوڕی مەلا سەعدم... ... لە کۆیە لە دایک بوم..." (علاء الدين، ١٩٨٥، ١٣). لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین زۆر جار لە ڕۆمانیشدا گێڕانەوە بە ڕاناوی کەسی یەکەم (من ـ م) ئەنجام دەدرێت، لەم ڕووە هەریەک لە ژیاننامەی خودی و ڕۆمان لەیەک دەچن، بەڵام ئەوەندە هەیە لە ڕۆماندا ئەم ڕاناوی کەسی یەکەمە بۆ نوسەرەکە یاخود ڕۆماننوسەکە ناگەڕێتەوە ، بەڵکو بۆ ئەو کەسێتییەی دەگەڕێتەوە ، ڕۆماننوس لە دەقەکەیدا خوڵقاندویەتی و لە زاری ئەوەوە گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات. جگە لەمە لە ڕۆماندا کەسێتییەکان لە داهێنانی خەیاڵی نوسەرەکەن و خۆی دروستی کردون، جاری واش هەیە سوود لە واقیع دەبینێت و کەسێتییەکانی لە واقیعەوە وەردەگرێت، بەڵام لە بەکارهێنانەوەیان لە ڕۆمانەکەیدا خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی تێکەڵ بەو کەسانە دەکات و جیایان دەکاتەوە لە کەسەکانی واقیع، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی "کەسەکانی ناو ڕۆمان هەمان کەسەکانی یاخود مرۆڤەکانی ژیانی واقیعی نین، بەڵکو دروستکراوێکی تازەن" (عبدالله، ٢٠٠٠، ٦)، بەڵام لە ژیاننامەی خودیدا خودی نوسەر کەسێتییەکەیەو دورە لە خەیاڵ و ئەندێشەوە، لە واقیعدا چۆن ژیاوەو چی بەرسەهاتووە وەک خۆی دەیگێڕێتەوە. تەنانەت لە ڕۆماندا زۆربەی جار ڕۆماننوس لەچەندین جۆر کەسێتیی جیاوازدا لایەنە جیاوازەکانی کەسێتی خۆی بەرجەستە دەکات، واتە زۆربەی کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکەی بەرجەستەکەری ڕەهەندە جیاوازەکانی کەسێتیی ڕۆماننوسن و ڕەنگدانەوەی ئەون، بەڵام لە ژیاننامەی خودیدا کەسێتییەکان بەرجەستەکەری خۆیانن و ڕەنگدانەوەی نوسەر نین. (عومەر، ٢٠٠٦، ١١١)، تەنها کەسێتییە سەرەکییەکە خودی نوسەرەکەیە.

"لۆرانس بلۆک" سەبارەت بە کەسێتیی ناو ڕۆمان پێیوایە پێویستە نوسەر توانای ئەوەی هەبێت کەسێتییەک دابهێنێت وا لە خوێنەر بکات گرنگیی پێ بدەن و خۆیانی پێوە خەریک بکەن (بلوک، ٢٠٠٩، ١٢٣) واتە دەبێت ڕۆماننوس کەسێتییەکەی ناو ڕۆمانەکەی بە جۆرێک بخوڵقێنێت، کە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت بۆ ئەوەی بە دوای ڕوداو و بەسەرهاتەکانی ئەو کەسەدا بچێت لە ڕۆمانەکەدا، هەمان بۆچون دەکرێت سەبارەت بە ژیاننامەی خودیش پەیڕەو بکرێت. سەبارەت بەم دەقەی دڵداریش، ئەگەرچی کەسێتییەکەی دانەهێناوە کە لە ژیاننامە خودییەکەدا باسی دەکات، بەڵکو ژیانی خۆی نوسیوەتەوە بەو جۆرەی لە واقیعدا هەبووە، بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە، ژیانی دڵدار بەو جۆرەی لە واقیعەکەدا هەبووە، بە تایبەتی لەو کاتەوەی فامی کردووەتەوە، لە داهێنانی خۆی بووەو بە ویست و ئیرادەی خۆی بەو جۆرە ژیاوە، کەواتە: ژیانە واقیعییەکەی دڵدار لە داهێنانی خۆی بووە، ئەم ژیانەی هێناوەو بەشێوەیەکی هونەریی سەرنجڕاکێش کردویەتی بە دەقێکی ئەدەبیی جوان. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت هەم کەسێتیی ناو ڕۆمان و هەم کەسێتیی ناو ژیاننامەی خودی لە داهێنانی نوسەری دەقەکەن، بەڵام ئەوەندە هەیە داهێنان و دروستکردنی کەسەکە لەلایەن ڕۆماننوسەوە لە ڕێگەی خەیاڵەوەیەو لە کاتی نوسینی دەقەکەیدا یاخود لە ماوەی نوسینی ڕۆمانەکەیدا دایدەهێنێت و بۆ مەبەستی نوسینی ڕۆمانەکەی ئەو کەسە دادەهێنێت و دروستی دەکات و زۆر جاریش سود لە ئەزموونی ژیانی خۆی و کەسێتیی خۆی وەردەگرێت و کەسێتیی ناو ڕۆمانەکەی کەم و زۆر ڕەنگدانەوەی

کەسێتیی خۆیەتی و لە کاتی نوسینی دەقەکەدا ڕۆماننوسەکە ڕۆڵی ئەو کەسێتییە دەبینێت، بەڵام نوسەری ژیاننامەی خودی داهێنانی کەسەکەی بە جۆرێکی ترە، لە ڕێگەی خەیاڵەوە نییە، بەڵکو کۆی ئەزمونی ژیانی خۆیەتی و چەندین ساڵی ویستووە تا بەو جۆرە دایهێناوەو بووە بەو کەسێتییەی کە هەیە، بەو مەبەستەش نەبووە کە بکرێت بە دەقێکی ئەدەبی و بڕیاری کردنی ژیانی ئەو کەسە واقیعییە بە دەقێکی ئەدەبی ئەو کاتە سەر هەڵدەدات، کە کەسەکە بڕیار دەدات ژیاننامەی خۆی بنوسێتەوە، واتە لە دەق ژیاننامە خودییەکەیدا باسی کەسەکە دەکات (کە خۆیەتی) و بە واقیعی ماوەی چەندین ساڵ ئەو ڕۆڵەی بینوەو لە ئێستادا بە خوێنەری دەناسێنێت و واقیعەکەی ژیانی خۆی دەکات بە نوسین. بەڵام لێرەدا ئەوەندە هەیە لەبەر ئەوەی نوسەری ژیاننامەی خودی پابەندە بەوەی کەسێتیی خۆی لە بنەمادا چۆنە وەک خۆی وێنەی بکێشێت و لە ڕاستیی ڕوداو و سەربوردەی ژیانی خۆی لا نەدات، ئەمە وادەکات وەک ڕۆماننوس ئەو ئازادییەی نەبێت چۆنی بوێت بەو جۆرە باسی کەسێتییەکەی ناو دەقەکەی بکات. بەڵام دەتوانێت چۆنیەتیی باسکردن و گێڕانەوەی ڕوداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی بەجۆرێک بخاتەڕو کە سەرنجڕاکێش بێت و وا لە خوێنەر بکات چێژ لە گێڕانەوەو باسکردنی ژیانەکەی وەرگرێت. دڵدار لەم ژیاننامە خودییەیدا توانیویەتی ئەمە بکات و ڕوداو و بەسەرهاتە واقیعییەکانی ژیانی خۆی بە جۆرێک دەگێڕێتەوەو باس دەکات کە سەرنجڕاکێشن و خوێنەر چێژیان لێ وەردەگرێت. بۆ نمونە کاتێک باسی یەکەم ڕۆژی چونە مەکتەبی دەکات لە ڕانیە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و چێژبەخش باسی دەکات و دەڵێت: "ئەوەل ڕۆژی کە چومە مەکتەبی ڕانیە قوتابییەکان دەورەیان دام یەکێکی سورەی موو زەردی چوار پەل ئەستوری چاو شین، بەلامدا هات بەبێ موقەدیمە وتی: چاوت بەو دو ئەنگوستە دەربهێنم.. زۆر سەیرم پێهات چونکە چ حاجەتی نەدەکرد ئەم تەکلیفە ناخۆشەم لێ بکات من وامزانی گاڵتەم لەگەڵ دەکات، زۆر بە بەساتەت بێ موبالاتی وتم "دەبزانم؟" هەر هێندەم زانی ئاگرم لە چاو بڵند بو،چونکە هەردوو ئەموستی لە چاوم ڕاکرد من لە گریان و ئەوانیش لە قاقای پێکەنینیاندا.. نازانم چۆن چاوم بێ زەرەر دەرچوو...." (علاء الدین، ١٩٨٥، ٢٣) لێرەدا هەم باس لە کەسێتی خۆی دەکات کە یەکەم ڕۆژ وەک غەریبێک چووەتە ناو قوتابییەکانی قوتابخانە، هەم باسی کەسێتیی یەکێک لە قوتابییەکان دەکات و وەسفێکی وردی ڕوخساری دەرەوەی کەسەکە دەکات، لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی چێژبەخش و سەرنجڕاکێش وەسفی ڕەفتاری ئەو کەسەو دەستکردنی بەچاوی ئەمدا دەکات.

پاشان لە دەقەکەیدا ناوی هەر کەسێک دەهێنێت و دەیەوێت باسی بکات، وەسفێکی وردی ڕوخسارو ڕواڵەتی دەرەوەی کەسەکە دەکات، تەنانەت جاری وا هەیە لە چاوی کەسەکانی دەوروپشتییەوە بەشێوەیەکی هونەرییانە وەسفی خۆیشی دەکات، بۆ نمونە کاتێک لە کۆیە دەچێتە پۆلی یەکەمی قوتابخانە لە چاوی قوتابییەکانەوە وەسفی خۆی دەکات و دەڵێت: " ... بێجگە لە دەم و چاوێک نەبێ کە ئەویش دەم و چاوی مەحمودی ئامۆزام بوو، ئەو دەم و چاوانەی کە لە سن دا بوون هەمویانم لا غەریب بو، ئەوانیش بە چاوێکی فزولیانە سەیری ئەم قوتابییە تازەیان دەکرد کە پارچە عەلی خانی یەکی لەسەری و سەرکەوایێکی مۆر و کەوایەکی "یابانی" زەرد لەبەر جانتایەکی پەرۆی شین لە مل و سورەی مو زەردیان دەکرد.." (علاء الدین، ١٩٨٥، ٢٠). لێرەدا لە ڕوانگەی قوتابییەکانەوە وەسفی شێوەو ڕواڵەت و جل و بەرگەکەی خۆی دەکات. یان لە جێگەیەکی تردا باسی کەسێتی "مەلا برایم" دەکات، کە وانەی ئاینیی خوێندووە لەلای و وەسفێکی وردی دەکات و دەڵێت: "مەلا برایم پیاوێکی باریکەلەی ڕەنگ گەنجی دەم و چاو مەیلەو درێژ خروکاوی بوو جلکی پاک و خاوێنی لەبەر دەکرد، چاوەکانی ڕەش و مەیلەو بچوک بو زۆر قەشمەرجار و دەم بە پێکەنین بو، لەگەڵ ئەمەشا لەگەڵ سوختەکانی زۆر تووڕەو تەنگاو، لەسەر ئەدنا شت (فەلاقەی) ئەکردین، بەڵام معامەلەیێکی تایبەتی لەگەڵ من دەکرد..." (علاء الدین، ١٩٨٥، ٢٨) لێرەدا وەسفێکی وردی شێوەو ڕواڵەتی دەرەوەی مەلا برایم دەکات، لە هەمان کاتدا وەسفی جۆری کەسێتییەکەی دەکات کە دوو سیفەتی پێچەوانەی تێدا بووە، یەکیان ئەوەیە گاڵتەجاڕ و دەم بە پێکەنین بووە، کەچی لە هەمان کاتدا بەرانبەر بە تەلەبەکانی کەسێکی توندو توڕە بووەو لەسەر شتێکی بچوک لێی داون.

بەهەمانشێوە لە باسکردنی زۆربەی ئەو کەسانەی لەم دەقەدا ناوی هێناون، وەسفێکی وردی ڕواڵەتیان دەکات و گرنگی بە ڕەفتارو جۆری کەسێتییەکەشیان دەدات، بەتایبەتی لە باسکردنی هاوڕێکانیدا زۆر ورد هەموو لایەنەکانی کەسێتییان باس دەکات و وێنەیەکی ڕونی ئەو کەسێتییانە دەکێشێت، بۆ نمونە لە وەسفی چەن هاوڕێییەکیدا دەڵێت: "... بە تەبیعەتی حاڵ منیش تێکەڵی ئەم تیپە بوم زۆری پێ نەچو کە لەگەڵیان بومە ڕەفیق، عەونی لە بازاڕ بەقاڵ بوو لاوێکی قەدە باڵای ەنگ گەنمی چاو ڕەشی چاو گەورە لوتێکی بە کەوانەی ناوەندی بەسەر دوو لێوی تێک قرمساوی باریکا هاتبووە خوارەوە، زۆر کەم قسەی دەکرد، بەڵام ئەغلەب قسەکانیشی نوکتەو حیکایەتی عیبرەت ئامێز بوو، عەبدوڵای ئامۆزای ئاسنگەر بو نەیدەزانی بخوێنێ و بنوسێ، بەڵام لە عەقڵ و ڕەئی و تەدبیردا هەمو لایەک ئیعتمادیان لەسەر ئەکرد، عومەر کوڕێکی سورەی موو زەردی چاوکاڵی بە شەوکەت بو زۆر بە قاقا پێ دەکەنی ڕوحێکی گوشاد دەنگێکی خۆش دڵێکی بێ گەردی پاک بە ڕاستی میر کوڕانی ئیحراز کردبو، ئەحمەد کوڕێکی باریکەلەی زەردی چاو گەورەی لوت خڕ بەڵام نێو چەوانێکی پان، هەیکەلێکی جوانی هەبو زۆر دەنگی خۆش بوو زۆریش تەفەنونی لە شەدە بەستن دەکرد چاو لە دەر بوو دۆستداری و عەشقبازی ئەکرد، بە ڕاستی مێ بازی بە ئیرس بۆ مابۆوە..." (علاء الدین، ١٩٨٥، ٤٣) لەم چەند دێڕەدا لەبەر ئەوەی کەسێتیی "عەونی" بەلایەوە گرنگ بووە، زۆر بە وردی وەسفی ڕوخساری دەرەوەی کردووەو لە هەمانکاتدا جۆری کەسێتی و ڕەفتاریشی نیشانداوە، کەچی بۆ عەبدوڵای ئامۆزای عەونی ئەمەی نەکردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە "عەونی" کەسێتییەکی دیارو ناسراوەو یەکێکە لە شاعیرەکانی کۆیە، بۆیە بەمەبەست و بە وردی وەسفی ڕواڵەت و ڕەفتاریشی کردووە بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕونی عەونی بە خوێنەر بگەیەنێت، لە وەسفی کەسەکانی تریشدا زۆر بە وردی هەم وەسفی ڕوخساری دەرەوەیان دەکات هەم باسی ڕەفتارو جۆری کەسێتییەکەشیان دەکات و وێنەیەکی وردو تەواوی کەسێتییەکان دەخاتە بەرچاوی خوێنەر.

### ٤.٤ کات:

حەسەن بەحراوی پێیوایە "ڕەوتی ڕۆمان دەست پێناکات ئەگەر بێت و ئاستانەیەکی زەمەنیی بۆ دیاری نەکەین، چیرۆکیش، هەر چیرۆکێک بێت، پێویستی بە خاڵێکی دەستپێکردنی زەمەنییە... وەک ئاماژەکردن بە مێژوییەکی دیاریکراو یاخود شتێکی هاوشێوەی ئەمە، چونکە ئەم ئاماژانەو هاوشێوەکانیان وا لە گۆکراوە حیکایەتییەکان دەکەن لە گێڕانەوەدا بەدوای یەکدا بێن" (بحراوي، ١٩٩٠، ١١٧)، لەم وتەیەی بەحراوییەوە ئەوە دەردەکەوێت دەستپێکردنی دەقی چیرۆک و ڕۆمان پێویستی بە دیاریکردنی کاتێک یاخود مێژویەکی دیاریکراوە بۆ ئەوەی دەقەکە لەو مێژووەوە دەست پێبکات و گێڕانەوەکە لەو مێژووەوە بەردەوامی وەربگرێت، ئەگەرچی ئەم وتەیەی بەحراوی بۆ ڕۆمانە، بەڵام بۆ ئەم ژیاننامە خودییەی دڵداریش دەبێت، چونکە دڵداریش هەر لە سەرەتادا مێژویەکی دیاریکراوی نوسیوەو کردویەتی بە خاڵی دەستپێکردنی

دەقەكەی، ئەو مێژووەش ساڵی لە دایكبونی خۆیەتی، ئەوەتە لە یەكەم دێری دەستپێكردنی دەقەكەدا دەڵێت: " من ناوم یونس ڕەئوف ... لە ڕۆژی (٢٠)ی شوباتی ساڵی (١٩١٨) لە كۆیە لە دایک بووم.." (علاء الدین، ١٩٨٥، ١٣) بەم جۆرە مێژوی بیستی شوباتی ساڵی (١٩١٨) دەكات بە ساڵی دەستپێكردنی دەقەكەی و گێڕانەوەو ڕوداوەكان لێرەوە دەست پێ دەكەن و بەردەوامی وەردەگرن. لەگەڵ ئەمەشدا باسی بابەتی پێش ئەم مێژووەش دەكات، بۆ نمونە دەڵێت: "فامیلیای دایكم عەلەم زادەن لە زەهاوەوە هاتونەتە قەراغ زێی كۆیە وە ئیسكانیان كردووە، تا حاجی قادری كۆیی مەشهور لەم فامیلیایەیە.." (علاء الدین، ١٩٨٥، ١٣) ئەمەی لێرەدا سەبارەت بە بنەماڵەكەی باسی دەكات بۆ سەردەمی پێش دەستپێكردنی دەقی ژیاننامەكە دەگەڕێتەوە، دەچێتە ناو چوارچێوەی بەكارهێنانی تەكنیكی گەڕانەوەی دەرەكی، كە تەكنیكێكە لە ڕۆماندا بەكار دەهێنرێت و بریتییە لە: گەڕانەوە بۆ خاڵی پێش دەستپێكردنی گێڕانەوەكە (ریكاردو: ١٩٧٧، ٢٥٠). لێرەدا ئەمەی دڵدار گەڕانەوەی دەرەكییە، چونكە بۆ خاڵی پێش دەستپێكردنی ژیاننامەكەی دەگەڕێتەوە و باسی باو و باپیرانی دایكی دەكات. هەروەها جۆرەكەی تری تەكنیكی گەڕانەوەشی بەكارهێناوە، كە گەڕانەوەی ناوەكییەو گەڕانەوەیە بۆ خاڵێك كە دوای دەستپێكردنی گێڕانەوەكەو سەرەتای دەقەكە ڕوی داوە، دڵدار ئەم تەكنیكەشی بەكارهێناوەو لە بابەتی ڕوداودا ئاماژەی پێ دەكەین و نمونەی بۆ وەردەگرین.

هەروەها لە ڕۆماندا سەبارەت بە كات تەكنیكێكی تر هەیە پێی دەوترێت كورتكردنەوە، كورتكردنەوەش ئەوەیە: "لە لاپەڕەیەكدا ماوەیەكی زۆری ژیانە دیاریكراوەكە كورت دەكەینەوە" (تودوروف، ٢٠٠٥، ١١٣)، واتە ئەو ماوەو كاتانەی گرنگ نین و ڕوداوی گرنگ تیایاندا ڕوی نەداوە بازیان بەسەردا دەدرێت و باس ناكرێن و دەقرتێنرێن و ئەمەش بە خێراكردن ناودەبرێت (غیتري، ٢٠١٦، ٤٩) و بۆ ئەوەیە گێڕانەوەكە خێرا بێت و بگاتە ئەو شوێنەی نوسەر مەبەستیەتی. دڵداریش لەم ژیاننامەیەیدا ئەم تەكنیكەی بەكارهێناوە، بۆ نمونە لە شوێنێكدا دەڵێت: "لە پاش ئەوەی هاوینێكی زۆر خۆشم لە "مەلا زیاد" ڕابوارد، لەم هاوینەدا بومە كاتبی مەزرەعەی توتنی خۆمان لەگەڵ عومەری عەلی یە گۆج ناو، كە توتنەوان بو زۆر بە كەیف و تەشقەڵە ڕامبوارد..." (علاء الدین، ١٩٨٥، ل٤٧) لێرەدا سەرجەم ماوەی وەرزی هاوینی بەكورتی لە دوو دێڕدا باس كردووەو تاكە شتێكی ئەو هاوینە، كە بەلایەوە گرنگ بووەو باسی كردووە ئەوەیە بووەتە (كاتبی مەزرەعەی) خۆیان و ئیتر باسی هیچ شتێكی تری ئەو هاوینەی نەكردووە، چونكە گرنگ نەبون بە لایەوە. یاخود ئەو كاتەی لە ڕانییەوە دەچێتەوە بۆ هەولێر، بڕوانامەكەی ڕانییە دەبات و دەچێتە (مەدرەسەی ئەوەلی یە) كە قوتابخانەیەكی ئەو سەردەمە بووەو لەوێ ناوی خۆی دەنوسێت، بەڕێوەبەرەكە پێی دەڵێت: "ئێمڕۆ مەكتەب نییە سبەی نا دووەی ڕۆژی شەمموو وەرەوە تۆمان لە سنفی سێ قەید كرد، وتم باشە، سەلامێكم كردو چومە ماڵ بە دەنگێكی بەرز وتم "چیتر ناچمە سوختەخانە، ئێستا چومە مەكتەب خۆم قەید كرد" براژنم وتی: چاكت كرد"... ڕۆژی شەمموو هات زۆر بە نیشاتەوە چومە مەكتەب" (علاء الدین، ١٩٨٥، ٢٨). لێرەدا خۆتۆماركردنەكەی لە قوتابخانە ڕۆژی پێنج شەممە بووەو بە وردی باسی چۆنیەتی خۆتۆماركردنەكەی دەكات و بەڕێوەبەرەكە وتویەتی ڕۆژی شەممە وەرەوە. ئیتر دوای ئەمە باز دەدات بۆ ڕۆژی شەممە كە قوتابخانە هەبووەو باسی دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممەو ڕۆژی هەینی ناكات و ئەم ماوەیە دەپەڕێنێت، چونكە بە لایەوە گرنگ نییە.

لە ژیاننامەی خودی و ڕۆمانیشدا كات بە هەرسێ ئاستەكەیەوە (ڕابردو ـ ئێستا ـ داهاتو) بەكار دەهێنرێت، لە ڕۆماندا نوسەر بواری ئەوەی هەیە لەنێوان ڕابردو و ئێستاو داهاتودا بێت و بچێت و یاری بە كات بكات، چونكە زیاتر لە كەسێتییەكی سەرەكی لە ڕۆمانەكەیدا بەكار دەهێنێت و ئەمەش وا دەكات لە نێوان ئاستەكانی كاتدا بێت و بچێت بۆ ئەوەی بتوانێت باسی هەموو كەسێتییەكان بكات و بیانخاتە ڕو. بەڵام لە ژیاننامەدا لەبەر ئەوەی نوسەر ئەو بەسەرهاتانەی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، كە پێشتر ڕویان داوەو تەنها خۆی كەسێتیی سەرەكیی دەقەكەیە، بۆیە كاتەكە هەمیشە ڕابردوەو لە سەرەتای ژیانییەوە دەست پێ دەكات و بەردەوامی وەردەگرێت و بواری یاریكردنی بە كات كەمە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دڵدار لەم ژیاننامەیدا ئەم تەكنیكەی بەكارهێناوەو سەركەوتوانە توانیویەتی یاری بە كات بكات و لەنێوان ئێستاو داهاتوودا بێت و بچێت و لە هەندێک شوێندا بگەڕێتەوە بۆ كاتی ڕابردو و ڕوداوێک باس بكات كە پێش كاتی ئێستای گێڕانەوەكە ڕوی داوەو دواتر لە باسی ڕوداودا نمونەی بۆ دەهێنینەوە.

### ٤.٥ شوێن:

لە هەر یەكە لە ڕۆمان و ژیاننامەی خودیدا شوێن ئامادەیی هەیە، شوێن لە ڕۆماندا "وەک پێكهاتەكانی تری گێڕانەوە تەنها لە میانەی زمانەوە هەیە... فەزایەكە تەنها لە ڕێگەی وشە چاپكراوەكانی ناو كتێبەكەدا بونی هەیە، بۆیە وەک بابەتێكی هزر شێوەگیر دەبێت، كە ڕۆماننوس دروستی دەكات... (بحراوي، ١٩٩٠، ٢٧) واتە بە گشتی شوێنی ناو ڕۆمان لە داهێنانی ڕۆماننوسەو لەڕێگەی وشەوە دروستی دەكات و شوێنی سەر كاغەزە، بەڵام لە ژیاننامەدا شوێنەكە پێش ئەوەی لە میانەی وشەكانەوە دروست بكرێت و دەركی پێ بكرێت، شوێنێكی واقیعی بووەو نوسەری ژیاننامە لە ڕێگەی وشەكانەوە دەیكات بە شوێنی سەر كاغەز. جگە لەمە هەر مرۆڤێک بگریت بێگومان لە شوێنێكدا نیشتەجێیە، یان لەسەر شوێنێک بونی هەیەو مرۆڤ و شوێن دوانەیەكی لێک دانەبڕاون. بەڵام شوێن كە هێنرایە ناو تێكستێكی ئەدەبییەوە سروشتێكی تر وەردەگرێت و چۆنیەتی باسكردنی ئەو شوێنە لەلایەن نوسەرەوە كاریگەریی لەسەر چۆنیەتی دەركەوتنی ئەو شوێنە لە دەقەكەدا هەیە. لە ڕۆمان و لە ژیاننامەی خودیدا جۆری ئەو ئەزمون و یادەوەرییانەی كەسێتیی ناو ڕۆمان یاخود نوسەری ژیاننامەی خودی لەگەڵ شوێنەكەدا هەیەتی، كاریگەریی لەسەر چۆنیەتی پیشاندان و باسكردنی ئەو شوێنە لە دەقەكەدا هەیە ، گەر ئەزمونەكانی خۆشبون، شوێنەكەش خۆش و جوان پیشان دەدرێت، بۆ نمونە دڵدار كاتێک ماڵیان دەچێتە ڕانیە، ژینگەی ڕانیەی زۆر پێ خۆشەو زۆر بە وردی و زۆر هونەرییانە وەسفی دەكات و دەڵێت: " پاش نیوەڕۆیەكی درەنگ بوو كە گەیشتینە ڕانیە، دونیا بەهار دەشت و كێو ڕەنگاوڕەنگ سەرما هێشتا بە تەواوی نەشكا بوو... ... دور بە دوری ڕانییە شارێكی گەورە بو، بەڵام لە نزیكەوە ئەم دیوارانەی كە ئەكەوتە بەر چاوت زۆر كەمیان سواندەدارو سەربان لەسەر بوون ... ... ڕانیە یەک لەو شوێنانە بوو كە حەرب سەرو گوێلاكی شكاندبوو لە پاش دڵ لە خۆبوونەوەیكی زۆر بە خۆ هاتبۆوە بەڵام هێشتا برینەكانی چاک نەبوبۆوە هەر دەرمان دەكرا. ڕانیە ئاوەدان ئەكرایەوە ژیانی ڕانیەم زۆر لا خۆش بوو... خاسەتەن زۆر مەفتونی (قوڵە) بوم، قوڵە ئەم كانیە بەرینەی ئاوڕۆنەی بەفراوە هەمموو مەشاعیری لێ زەوت كردبوم... ... من زۆر حەز لە بە تەنهایی دەكەم وە زۆریش ئاسودە بە خەیاڵات پەیدا دەكەم ئەمە خاسیەتێكی منداڵیمە، من ئەم خاسیەتەم زۆر

چاک لە قولە بەکاردەهێنا سەعاتەها لەسەر ئەستیورە زەلامەکانی دەوری قولە دائەنیشتم سەیری شەپۆلە وردیلەکانی قولە دەمێک و سەیری وێنەی (چیای ڕەش) کە لە ئاوەکەوە دیار بوو دەمێکی ترم دەکردو ... ... ئەمانە وردە وردە جوانی تەبیعەتیان لە دڵ چەسپاندم چاویان بە ڕەونەقی خۆیان گەلاوێژ دەکردم..." (علاء الدین، ١٩٨٥، ٢١ ـ ٢٢) لێرەدا وەسفێکی وردی شاری ڕانییە بە گشتی و کانیی (قولە) بەتایبەتی دەکات و ڕەنگدانەوەو کاریگەریی ئەم شوێنە لەسەر دڵ و دەرونی دەردەخات و ئەوە دەردەکەوێت شاری ڕانیە ئەگەرچی بە هۆی جەنگەوە وێران بووەو تازە دەست بە ئاوەدانکردنەوەی کراوە، بەڵام سەبارەت بە دڵدار بە شوێنی ئاشنا دادەنرێت و بەلایەوە خۆش و دڵگیر بووە. کەچی کاتێک لە ڕانیەوە دەچێت بۆ هەولێرو لەوێ دەمێنێتەوە، دوای ئەوەی وەسفێکی وردی قەڵاو دەوروبەری قەڵا و خانەقا دەکات دەڵێت: "ئەگەرچی لە هەولێر لەلایەن چ شتێکەوە نوقسانیم نەبوو، بەڵکو وەکو مەلێکی فێری دەشت بوبێ لەناو قەفەس دابنرێ بەم جۆرە دڵم لێی ئەگوشرا..." (علاء الدین، ١٩٨٥، ل٢٤). لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت شاری هەولێری بەلاوە خۆش نەبووەو ئەم شارە سەبارەت بەو شوێنێکی نائاشنایە. جگە لەمانە باسی زۆر شوێنی تریش دەکات، وەک مەخمور و دەشتی بیتوێن و بێستانەو گوندی (تیمار) و قوتابخانە و ماڵ و ...هتد، کە هەندێکیان شوێنی گشتی و کراوەن و هەندێکیشیان شوێنی تایبەتی و داخراون. لێرەدا نمونەیەک لە شوێنی تایبەت و داخراو وەردەگرین، ئەو شوێنەش ئەو خانووەیە کە دوای ئەوەی ماڵیان دەچێت بۆ هەولێر تیایدا نیشتەجێ دەبن و لەبارەیەوە دەڵێت: "هەرچەندی دەکەم هەر خۆم لە هەولێر دێتەوە یاد، وام دێتە بەرچاو کە لە خانویەکی حەوشە زۆر بەرین، لە دەرگای حەوشەکە ئەهاتیە ژورەوە لای دەستە ڕاستت مەتبەخەکی تاریک دیواری ڕەش و لە تەنیشتی ڕاستی مەتبەخەکە کەلاوەی دوو هۆدەی ڕوخاوت ئەدیت، لای دەستە چەپت هەیوانێکی بڵندو کەلەگێکت چاو پێ ئەکەوت، دوو هۆدەی درێژو بەرین لەوبەر و ئەم بەری کەلەگیکەدا بوو دەرگایان دوو دەری لەسەر کەلەگی و پەنجەرەشیان لەسەر هەیوانەکەدا بوو، لای ڕاستی هەیوانەکە قادرمەیەکی درێژ بوو کە بۆ سەربان ئەچوو هەروەها قادرمەی ئەم پەیژەیە خلیسک بوو، لەبن قادرمەکە تاقێک کرا بو کە جێگای کوپ بو، مەتبەخ و هەیوانەکە ڕو لە یەکتر ئەم بەر و ئەوبەر کەوتبون لە ناوەندی حەوشە بەرینەکەدا کۆسپەیەکی چوار سوچی گەورە هەبو کە پایزان ماڵ لە حەوشان لەسەری ئەنوستین..." (علاء الدین، ١٩٨٥، ١٥)، لێرەدا زۆر بە درێژی وەسفێکی وردی خانوەکەی کردووە، ئەمەش لەبەرئەوەیە یەکەم ئەزمونی نیشتەجێبوونی لە هەولێر لەم خانووەوە دەستی پێکردووەو ئەو خانووەی بەلاوە گرنگ بووە، بۆیە لە ڕێگەی وەسفەوە وێنەیەکی تەواوی ئەو خانووەی پیشانی خوێنەر داوە.

ئەگەرچی لە ڕۆماندا شوێنەکان بۆی هەیە شوێنی واقیعی بن، زۆر جاریش شوێنەکان خەیاڵین و لە داهێنانی ئەندێشەو خەیاڵی نوسەرن و هاوشێوەیان لە واقیعدا نییە. پاشان نوسەری ڕۆمان لە بەکارهێنانی شوێندا دەستی کراوەیەو دەتوانێت چەندین شوێنی جیاوازو جۆراوجۆر، چ واقیعی بن چ خەیاڵی، لە بەرهەمەکەیدا باس بکات. بەڵام لە ژیاننامەدا نوسەر ئەم سەربەستییەی نییەو تەنها شوێنە واقیعییەکان باس دەکات کە پەیوەستن بە ژیانی خۆیەوە. کەواتە شوێن ڕەگەزێکە لە هەر یەک لە ڕۆمان و ژیاننامەدا بەکاردەهێنرێت و لێرەدا بەکارهێنان و باسکردنی شوێنە واقیعییەکان بەو شێوە هونەرییەی دڵدار لەم ژیاننامەیدا کردویەتی دەقەکەی بەرەو ڕۆمانبون بردووە.

## ٤.٦ ڕوداو:

لە ڕۆمان و ژیاننامەی خودیشدا ڕوداو ڕەگەزێکی سەرەکییە، ڕوداو سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەیە، لە ڕۆماندا نوسەر ئازادیی تەواوی هەیە لەوەی پاش و پێش بە شوێنی سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی ڕوداو بکات، دەتوانێت سەرەتا لە کۆتایی ڕوداوەکەوە دەست پێ بکات و دواتر بۆ سەرەتاو ناوەڕاستی ڕوداوەکە بگەڕێتەوە ، یان دەتوانێت ڕوداوێک بپەڕێنێت و دواتر بگەڕێتەوە سەری و باسی بکات. ئەگەرچی نوسەری ژیاننامەی خودی وەک ڕۆمانوس ئەو ئازادییەی نییە ڕوداوەکان پاش و پێش بکات، چونکە بە شێوەیەکی زنجیرەیی بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، بەڵام دڵدار لەم ژیاننامە خودییەدا توانیویەتی سەبارەت بە ڕوداوەکان یاری بەکاتی ڕودانیان بکات و لە هەندێک شوێندا بەپێی پێویست لە کاتی ئێستاوە گەڕاوەتەوە بۆ کاتی ڕابردو و ڕوداوێک دەگێڕێتەوە کە پێشتر ڕوی داوە، واتە تەکنیکی گەڕانەوەی پەیڕەو کردووە، کە لە ڕۆماندا هەیەو "لە میانەیەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕوداوێکی پێش ئەو خاڵەی چیرۆکەکە پێی گەیشتووە" (بحراوي، ١٩٩٠، ١٢١)، بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە وادەکات ژیاننامەکە بەرەو بەڕۆمانبون بڕوات، یاخود وا دەکات دەقەکە لە ڕۆمان بچێت. بۆ نمونە ئەو کاتەی براگەورەکەی کە ناوی (سەعدی)یە دەچێتە ڕانیەو لەگەڵ خۆی دڵدار دەبات بۆ هەولێر بۆ ئەوەی لەوێ بخوێنێت، پێش ئەوەی قوتابخانە دەست پێبکات لە هەولێر بێزار دەبێت و (سەعدی) برای دەینێرێت بۆ مەخمور بۆ ماڵی (ئاسەف)ی برایان. ڕۆژێک ئاسەفی برای گفتوگۆی لەگەڵ دەکات لەسەر ئەوەی دەبێت ئەم خۆی بە کورد بزانێت و دوای گفتوگۆکە دەڵێت: "وام حەز دەکرد کە باز بدەم و بە کۆڵاناندا ڕاکەم و هاوار بکەم: من کوردم، من کوردم.. ئەم ئینقیلا بە غیرەتێک و غرورێکی دامێ کە نازانم وەسفی بکەم. من لە ڕانیە بە شانی گەلێ کەس تفەنگم دی بو، هەتا باوکم تفەنگیشی هەبوو بەڵام دایکم چونکە زۆر ترسنۆکبو قەت نەیدەهێشت کە نزدیکی بکەوم ئەیقیژاند ئەیوت: "دەستی لێ مەدە ئەتەقێ" لەبەر ئەمە وام چوبووە مێشک کە تفەنگ دەستی لێ بدرێت ئەتەقێ نەمدەوێرا نەزدیکی هیچ چەشنە سیلاحێک بکەوم. لە مەخمور ئاسەف تفەنگی ڕاو ـ ساچمە ـ و تفەنگی شەڕی هەبو، بەڵام من تەبیعی هەروەکو دایکم بردبویە مێشکم کە نابێ نەزدیکی تفەنگ بکەوم... ... ئاسەف زۆر پێکەنی منی بانگ کردە لای خۆی ئیستیعماڵ کردنی تفەنگی فێر کردم..." (علاء الدین، ١٩٨٥، ٢٦) لێرەدا خۆی لە مەخمورە بەڵام بینینی تفەنگەکەی ئاسەفی برای وای لێ دەکات بگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی لە ڕانیە بووەو باوکی تفەنگی هەبووەو باسی ئەوە دەکات دایکی چۆن ترساندویەتی و پێی وتووە نابێ دەست لە تفەنگ بدات. ئەو کاتەی لە ڕانیەیە باسی ئەم مەسەلەی تفەنگە ناکات چونکە پێویست نییە، بەڵام کەدێتە مەخمور دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕانیەو باسی دەکات و باسکردنەکەی گرنگەو لە جێگەی خۆیدایە، واتە تەکنیکی گەڕانەوەکەی بەجوانی و لە جێی خۆیدا بەکارهێناوەو گەڕانەوەکەش لە جۆری گەڕانەوەی ناوەکییە، کە پێشتر لە ڕەگەزی کاتدا باسکرا.

جاری واش هەیە ئاماژەی بە ڕوداوێک کردووەو باسی کردووە کە هێشتا لە گێڕانەوەی ڕوداوەکاندا کاتی باسکردنی ئەم ڕوداوە نەهاتووە، بۆ نمونە دەڵێت: "برایەکی لە خۆ گەورەترم هەبوو ناوی (جەواد) بوو ئەم برایەم هاتووچۆی مەکتەبی دەکرد. دەفتەرو قەڵەم و کتێبی پڕ لە وێنەکانی لە سندوقێکی بچوک دانابو لە جێیکی بڵندی دانابو زۆرم حەز دەکرد منیش وەکو ئەو سندوقێکی بچوکم هەبێت کتێبی پڕ لە ڕەسمم

بێ وەکو ئەو بە قەڵەم و مەرەکەب بنوسم نەیێڵم کەس نێزیک ببێتەوە" (علاء الدین، ١٩٨٥، ١٨). ئەم ئاماژەکردنە بەوەی حەز دەکات وەک براکەی بچێتە مەکتەب و سندوقی بچوکی هەبێت و ... ، کە بۆی هەیە لە داهاتودا ڕوبدات پێشخەرییەو ئەم تەکنیکە زیاتر لە ڕۆماندا بەکاردەهێنرێت و "دەلالەتە لە هەر برگەیەکی حیکایەتی کە ڕوداوێک دەگێڕێتەوە یاخود دەیوروژێنێت پێش کاتی خۆی، یان دەکرێت پێشبینیی ڕودانی بکرێت... واتە تێپەڕاندن و بازدانە بەسەر ئەو خاڵەدا کە گوتارەکە پێی گەیشتووە" (بحراوی، ١٩٩٠، ١٣٢) ئەم پێشخەرییە بۆی هەیە لە داهاتودا ڕو بدات، یاخود ڕونەدات، ئەمەی دڵدار ڕوی داوەو دیسان جارێکی تریش پێش وەختی خۆی باسی دەکات و دەڵێت: "بەڵام ئەو برایەم لە ساڵی ١٩٢٦ لەگەڵ باوکما چو بو بۆ کۆیە وە لەوێ لە مەکتەبی ئەخوێند، بە نەخۆشییێکی (موفاجیء) وەفاتی کرد لە دوای ئەم حادیسەی وەفاتە بە ساڵێک من چومە مەکتەبەوە، با جارێک ئیستیعجال لە چونی مەکتەب نەکەم باشە، چونکە ئەویش لە زروفێکی خاسدا بوو... با هەندێک لە تەحلیلی نەفسیەتی خۆم بدوێم باشە...." (علاء الدین، ١٩٨٥، ١٧) واتە پێش ئەوەی گێڕانەوەکە بگاتە کاتی باسکردنی چونی بۆ مەکتەب، باسی کردووە، لێرەدا بەکارهێنانی ئەم تەکنیکی پێشخەرییە کەتایبەتە بە ڕۆمان ژیاننامە خودییەکە بەرەو بە ڕۆمانبون دەبات. لە جێگەی تریشدا ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە، بۆ نمونە ئەوکاتەی چووەتە پۆلی شەشەمی سەرەتایی، پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی کۆتای ساڵ مامۆستای کیمیا کۆیان دەکاتەوە دەڵێت: "ئینشا ئەڵلا ساڵێکیتر دەم و چاوتان لەم سنفە نابینم، لام محەققە کە زۆرتریتتان دەرئەچن و دەکەونە شاران...." (علاء الدین، ١٩٨٥، ٤٦) ئەمەش لێردا پێشخەرییەو ئاماژەیە بە ڕوداوێک کە لە داهاتودا ڕودەدات و نمونەی تری لەم جۆرەش لە دەقەکەدا هەن.

## ٥. ئەنجام:

١- ئەم دەقەی دڵدار ئەگەرچی خۆی ناوی ناوە "موزەکەرات" بەڵام لە ڕاستیدا "موزەکەرات" یاخود یادەوەری نییە، بەڵکو ژیاننامەی خودییە.

٢- ئەم ژیاننامە خودییەی دڵدار وەک ڕۆمان خۆی دەنوێنێت و بەرەو ڕۆمانبون دەچێت. چونکە دڵدار خاوەنی بەهرەیەکی ئەدەبیی بووەو توانیویەتی دەقی ژیاننامە خودییەکەی بەشێوەیەکی هونەری و بە زمانێکی ئەدەبی بەرز بنوسێتەوە.

٣- بەرۆمانبوونی ژیاننامە خودییەکەی دڵدار لە دوو لایەنەوە خۆی بەرجەستە دەکات، ئەوانیش:

أ- لە شێوەی خوێندنەوەدا، کە خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی ژیاننامەکەدا ڕوبەڕو ببێتەوە هەست بەوە دەکات تەنها ژیاننامەیەکی خودی ناخوێنێتەوە، بەڵکو لەگەڵ دەقێکدا ڕوبەڕو دەبێتەوە، کە لە سروشتی ژیاننامەی خودی لایداوە، لە سروشتی ژانرێکی دیکەی ئەدەبی کە گێڕانەوەیەکی هونەری لە خۆی گرتووە نزیکی دەخاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە سروشتی ژیاننامە خودییەکەی دڵدار دانابڕێت، چونکە هەست بەو مەودا هونەرییە دەکات، کە بریتییە لە گواستنەوەیەکی هونەری، هونەری ژیاننامە خودییەکە بۆ جیهانی ژانری ڕۆمان.

ب- شێوەی نوسین، کە دەکرێت بڵێین: لە تەکنیکی نوسینی ژیاننامە خودییەکەی دڵداردا بەرجەستە بووە، ئەویش بە تەکنیککردنی ژیاننامەکەیە لە ڕوی پێکهاتە ڕەگەزییەکانی ژانری ڕۆمانەوە، واتا ئەگەر بونی ڕەگەزەکانی وەك بابەت، گێڕانەوە، شوێن، کات، ڕوداو لە ژیاننامە خودییەکەدا بونیان هەبێت، ئەوا دڵدار تەکنیکی بەکارخستنی ئەو ڕەگەزانەی لە ژانری ڕۆمانەوە وەرگرتووەو گواستویەتیەوە بۆ ژیاننامە خودییەکەو لە شێوەیەکی هونەریدا بەکاری هێناون.

٤- دڵدار بەو کارە ئەدەبییەی جیاکاری و هێڵێکی جیاکردنەوەشی لە نێوان (ژیاننامەی خودی و دەقی بە ڕۆمانبوو لەگەڵ ڕۆمانی خود) یشدا کێشاوە، لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە دەقەکەی لە ڕۆمانێکی خودی پەراوێز کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە لە گێڕانەوەی ژیاننامەیەکی خودی ساکاریش پاراستویەتی و لە هەمان کاتیشدا دەقی ڕۆمانێکیشی نەخستووەتە بەردەست، بەڵکو ژیاننامە خودییەکەی بە ڕۆمانکردووە و هونەرەکانی نوسینی ڕۆمانی خستووەتە خزمەت ژیاننامە خودییەکەیەوە، ئەویش لە ڕێگەی ئەو وەکیەکییەی، کە لە ژیاننامەی خودی و ڕۆماندا هەیە.

٥- ئەم بە ڕۆمانبونەی ژیاننامە خودییەکەی دڵدار بوونی ئەو خەیاڵە خۆکردەی دڵدار دەسەلمێنن، کە بەهۆیەوە دەقەکەی لە گێڕانەوەیەکی واقیعییەوە بردووە بۆ جیهانی گێڕانەوەیەکی هونەری، بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی (ژیاننامەی خودی کە هەڵهێنجراوی واقیعە لەگەڵ ڕۆمان هەڵهێنجراوی خەیاڵە = ژیاننامەی خودی بە ڕۆمانبوو).

## ٦. سەرچاوەکان:

### ٦.١ کتێب بە کوردی:

خەزنەدار، مارف، ٢٠١٠، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم. هەولێر.

علاءالدین، عبد الخالق، ١٩٨٥، دڵدار شـاعیری شـۆڕشـگێڕی کورد، دار افاق عربیة للصحافة والنشر، بەغدا.

مونیف، عەبەدولڕەحمان، ٢٠٠٦، تیشـکێـك بۆسـەر ڕۆمـان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، شـیرین. ك، دەزگای چاپ وپەخشـی سـەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

ئەحمەد زادە، هاشم، ٢٠١٢، زمان - ئەدەب وناسـنامە، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

### ٦.٢ کتێب بەعەرەبی:

ادینوکوف، ف. غ. ،١٩٨١، فن الادب الروائي عند تولسـتوي، ترجمة- د. محمد یونس، دار الرشید للنشر، الطبعة الأولى

الباردي(د.)، محمد، ٢٠٠٥، عندما تتكلم الذات ـــ السيرة الذاتية في الأدب العربي الحديث، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق.

بحراوي، حسن، ١٩٩٠، بنية الشكل الروائي (الفضاء- الزمن- الشخصية) - المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء ـ المغرب.

بلوک، لورانس، ٢٠٠٩، کتابة الرواية من الحبكة إلى الطباعة، ترجمة وتقديم: دكتور صبري محمد حسن، دار الجمهورية للصحافة.

تودوروف، تزيفيطان، ٢٠٠٥، مفاهيم سردية، تر: عبد الرحمان مزيان، منشورات الإختلاف، الطبعة الأولى.

الرياحي، كمال، ٢٠٠٥، حركة السرد الروائي ومناخاته ـ في استراتيجيات التشكل، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، الاردن ـ عمان، ط ١.

ريكاردو، جان، ١٩٧٧، قضايا الرواية الحديثة، تر: صياح الجهيم، منشورات وزارة الثقافة والإرشاد القومي، دمشق ـ سوريا.

الزيباري، عبد الكريم يحيى، ٢٠٠٩، حصان دافنشي- العنوان في السردية الكوردية المعاصرة، منشورات: مركز طةلاويَذ، الطبعة الاولى، سليمانية.

شرف، عبدالعزيز، ١٩٩١، ادب السيرة الذاتية، الشركة المصرية العالمية للنشر ـ لونجمان.

الشيب، ندى محمود مصطفى، ٢٠٠٦، فن السيرة الذاتية في الأدب الفلسطيني بين ١٩٩٢ ـ ٢٠٠٢، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا. جامعة النجاح الوطنية.

الضبع، مصطفى، ٢٠٠٨، التناص في الرواية العربية- بحث مقدم إلى مؤتمر السرديات الأول-كلية الآداب والعلوم الإنسانية- جامعة قناة السويس ٢٩. ٣١ مارس.

العامري، كامل عويد، ٢٠١٣، معجم النقد الأدبي، دار المأمون، بغداد.

عبد الدايم، يحيى، ١٩٧٤، الترجمة الذاتية في الأدب الحديث، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ط ١.

عبد النور، جبور، ١٩٨٤، المعجم الأدبي، دار العلم للملايين، ط ٢، بيروت ـ لبنان.

كيليطو، عبد الفتاح، ٢٠٠٦، الأدب والغرابة، دراسات بنيوية في الأدب العربي، دار توبقال للنشر، المغرب، ط٣.

لوجون، فيليب، ١٩٩٤، السيرة الذاتية، الميثاق والتاريخ الأدبي، ترجمة عمر حلي، دار النهضة العربية، بيروت.

ماى، جورج، ١٩٩٢، السيرة الذاتية، تر: محمد قاضي وعبد الله صولة، ط ١، تونس.

## ٦.٣ نامەی ئەكادیمی بە كوردی:

ابراهیم، سەرکەوت، ٢٠١٣، بنیاتی هونەری لە ڕۆمانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٩٨-٢٠٠٨)، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە.

حەسەن، گولستان بەدەل، ٢٠٠٩، ژیننامه خەویی وەک جورەکێ ئەدەبی (نورەدین زازا) وەک نموونە، نامەی ماستەر، زانكۆی دهۆک، کۆلیژی ئاداب.

عبد الله، محمد امین، ٢٠٠٠، شاکس لە رۆمانی کوردی کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠ ـ ١٩٩٧)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیجی ئاداب.

ئیسماعیل، نعمه قەرەنی، ٢٠١٠، هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا، (مەسعود محمد ـ پاکیزە رەفیق حلمی) وەک نمونە، نامەی ماستەر، زانکۆی صەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان.

## ٦.٤ نامەی ئەكادیمی بە عەرەبی:

غيتري، كريمة، ٢٠١٦، تداخل الأنواع الأدبية في الرواية العربية المعاصرة (قراءة في نماذج)، رسالة دكتوراه، جامعة أبي بكر بلقايد – تلمسان –، كلية الآداب واللغات، قسم اللغة والأدب العربي، الجزائر.

## ٦.٥ گۆڤاری كوردی:

عومەر، ئەحمەد عومەر، ٢٠٠٦/٩/٥، ئەدەب وبایۆگرافی، گ رامان، ژ ١١٢.

ئەحمەد، سەمەد، ٢٠٠٧/١٠/٥، هونەری یاداشت نوسین، گ (رامان).

## ٦.٦ گۆڤاری عەرەبی:

البغدادي، عبدالمجيد، ٢٠١٦، فن السيرة الذاتية وأنواعها في الأدب العربي، مجلة القسم العربي، جامعة بنجاب، لاهور ـ باكستان، عدد ٢٣.

لوجون، فليب، ١٩٨٤، ادب السيرة الذاتية فى فرنسا، ت: ضحى شيحة، مجلة (الثقافة الأجنبية) عدد ٤، السنة الرابعة.

## ٦.٧ پێگەی ئەلكترۆنی:

بدون إسم الكاتب، ٢٨ ـ ٦ ـ ٢٠١٦، أين هي الحدود الفاصلة بين الرواية والسيرة الذاتية، پێگەی:https://www.arab٤٨.com › ثقافة وفنون › مقالات ودراسات.